Dr.Saleh Ebrahimi



بەمبەئی و دەسخەتی کۆنە، بە نەقل لە لۆغتنامەی دیهخودا، پەرەی ٢٥٦ و ٢٦٢ و رۆژنامەی سەحەر ژمارەی ٢٥٧ ستێزدەی گولانی ١٣٤٠ ی هەتاوی بە قەڵەمی مووەریخ و موحەقیقی ناودار (محیط طباطبایی) کە خانەدانی صەفەوی هەموی بە **کورد و سوننی مەزهەب** داناون و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیواج ١ پەرەی ٣٠ و ٣١ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران. و مەراوی پەرەی ٤٩ و التصوف والتشیع پەرەی ٣٧٤ و حمدالله مستوفی دەنوسێ: ئەردەوێل لە ئیقلیمی چوارەمەو زۆر بەی خەڵکەکەی شافعین و مریدی شیخ صەفیەدینن و فیروزشای کورد لە سنجاری کوردستانە وە کەلە ١٢٠ کیلۆمیتری موسڵدایە هاتوتە ئەردەوێل، نەزهەتولقولوب پەرەی ٩٢ وصفوة الصفا ابن بزاز نوسخەی خەتی کتێبخانەی مەلیک لە تاران ژمارەی ٣٨٩٤، دین و مەزهەب لە عەسری صەفەوی پەرەی ٤١.

٦ ـ خواناسی ناودار شیخ عەماری یاسر و مریدی شیخ ئەبو نەجیب سوهرەوەردی (کە لە ٥٦٣ وەفاتی کردوە) و پیری دەستگیری شیخ نەجمەدین کوبری (کە لە ٦١٨ وەفاتی کردوە) و شێخی سەر بەرماڵ و پڕ عیلم، و لە زاناگە ورەکان و بە تەقوا بووە و لە کوردانی بدلیسە کە لە ساڵی ٥٨٢ی مانگی و ١١٨٦ ی ز ـ وەفاتی کردوە و یەکێ لە مەنسوبانی ئەم پیرە دەستگیرە، عارف و زانای پڕ عیلم حسامەدین عەلی بدلیسی خێوی تەفسیری (جامع التنزیل و التأویل) بووە کەلە ٩٠٠ی مانگی وەفاتی کردوە ـ (نفحات‌الانس) پەرەی ٤١٧ و ٣١٣ چاپی ١٣٣٧ تاران و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ رۆحانی شیواج ١ پەرەی ٥٢ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران.

٧ ـ شیخ یوسف گۆرانی بن عەبدوڵلا بن عومەربن عەلی بن خزر ناودار بە عەجەمی کە شێخی شەعرانی لە تەبەقاتی خۆیدا لە بابەت شیخ یوسف گۆرانی یەوە دەلێ «هُوَ اوَّلُ مَنْ احییٰ طریقة الشیخ جُنَیْد رضی‌الله عنه بمصر بعدَ انْدِراسها و کان ذا طریقَةٍ عَجیبَةٍ فی‌الانقطاعِ و التسلیک و له تلامذةٌ کثیرةٌ و عدةُ زوایا ....» و لە وڵاتی میسر نیشتەجیی

Dr.Saleh Ebrahimi



بووه و چەندین تەکیە و زاویەی بۆمریدانی ئامادە کردوەو دەسی کردوه بە فێر کردن و بارهێنان و رێنومایی زانینخوازان و خەڵک و کتێبێکی لەبابەت مەرجی توبە و خەرقەپۆشی بەناوی (ریحانة القلوب فی التَّوصُّلِ الی المحبوب) داناوه و له ٧٦٨ی مانگی وەفاتی کردوه و له (قرافةالصغری) نێژراوه. (طبقات کبری ج ٢ مصر) پەرەی ٦٦ و (کشف‌الظنون) ج ١ پەرەی ٩٣٩ و مەشاهیری کورد بابا مەردوخ روحانی شیوا ج ١ پەرەی ١٠٧ و ١٠٨ چاپی ١٣٦۴ سروش تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# به‌شی ٧

□ **سابیئین یا حه‌ڕانیان: «هارانیان» هۆزه‌ کوردیّبون له‌ لای سه‌روی نیّودوروان** (بین‌النهرین) لای به‌شی رۆژاوای (هه‌ریّمی کوردنشین): کوردستان، ده‌ژیان، سابیئین له‌ نه‌قلّ کردنی عیلم و زانین زۆریان یارمه‌تی به‌ ئیسلام‌دا، سائبیئین به‌ ئه‌ستیّره‌ په‌رست ناسراون و زانایانیّ گه‌وره‌یان له‌ نیّودا هه‌لّکه‌وتوه‌، که‌ به‌ زانایانی تاریخی عیلم له‌ ده‌وره‌ی ئیسلام دا، دیّنه‌ ئه‌ژمار، ناودارترینیان (سابت بن قوره‌ و ئه‌بوعه‌بدوللاّ محه‌مه‌د به‌تانی)یه‌. که‌ (کپرنیک و کپلر) ئه‌م دوزاناگه‌وره‌، زۆرجار له‌و دوفره‌زانایانه‌ی سابیئین‌یان نه‌قلّ کردوه‌ و قسه‌ی ئه‌و دوانه‌یان به‌ سه‌نه‌د و به‌ لگه‌زانیوه‌ و ئه‌مه‌یش بۆفره‌ زانایی ئه‌وانه‌ به‌سه‌ (دیویه‌لیندبرگ)، سه‌ره‌تای زانین و عیلم له‌ رۆژاوا، ته‌رجه‌مه‌ی فه‌ره‌یدونی به‌ دره‌یی کورد، ١٣٧٧، عیلمی و فه‌رهه‌نگی، وه‌رۆژنامه‌ی هاوشاری په‌ره‌ی ٦ چوارشه‌مه‌ ١٧ ی گولاّنی ١٣٨٢ و ٧ مه‌ ٢٠٠٣ -ز -و ٢٧٠٣ ی کوردی ژماره‌ی ٣٠٤٢.

سابت بن قوره‌ خه‌لّکی هاران بووه‌ و چه‌ندین ئاسه‌واری له‌ زانستی ئه‌ستیّره‌ناسی، تیب‌و فه‌لسه‌فه‌ داناوه‌ و زیاتر له‌ بابه‌ت حه‌ره‌که‌تی نوخته‌ی ئه‌وجی گۆیی رۆژ، ئه‌ندازه‌ گیری ته‌قویمی ئیعتیدالهین، ساعه‌ت و ده‌م ژمیّره‌ کانی گۆیی رۆژ، بیرو را ده‌ربرین له‌ بابه‌ت عه‌ده‌دو ئه‌ژماره‌ وه‌، ده‌کۆلّیه‌وه‌ و سیّ زمانی ده‌زانی و ئاسه‌واری ئه‌رشمیدوّسی ده‌کرده‌ عه‌ره‌بی‌و له‌ به‌غا بووه‌ ئه‌ستیّره‌ناسی خه‌لّیفه‌ی عه‌بباسی. سابت به‌ یه‌که‌مین ریازی زانی گه‌وره‌ی خولی ئیسلامی ناسراوه‌. (ئه‌بولقاسم) قوربانی، ژیناوه‌ری عیلمی ریازی زانان ١٣٧٥ نه‌شری زانکۆی تاران. - یه‌کیّ دیکه‌ له‌ زانایانی سابیئین ئه‌بو **عه‌بدوللاّ محه‌مه‌د به‌تانی** یه‌، که‌ئه‌میش خه‌لّکی هارانه‌ و زیجی سابیئی نوسی‌که‌ ئه‌وجی نجومی ره‌ سه‌دی له‌ ئیسلامانیشان ده‌دا، ئه‌و زانایه‌ راسته‌ و پاسته‌یه‌کی له‌ سه‌ر کتیّبه‌ کانی بتلمیوس نوسی، بۆراست کردنه‌وه‌ی راستی و دروستیّ یه‌کان، که‌ زۆر گرینگه‌ (ئه‌حمه‌د بیّره‌شک، ژیناوه‌ری عیلمی زانایان ١٣٧٢ عیلمی فه‌رهه‌نگی) - هه‌وا ره‌وشتی ریازی

Dr.Saleh Ebrahimi



تازەی هێنا نێو موحاسەبات کە لە دوا رۆژدا (کپرنیک و کیلر) کەڵکیان لێوەرگرت (کالین رنان، تاریخی عیلم کمبریج، تەرجەمەی حەسەن ئەفشار ١٣٦٦ مەرکەز). خوێندنەوەی ئەو زانایە، لە بابەت کوسوف (رۆژگیران) و خوسوف (مانگ گیران)ە وە، تا سەدەی هەژدە، لە ئوروپادا کەڵکی لێوەر گیردراوە وجێی دڵنیایی بووە، بەتانی بە یەکەمین ئەستێرەناسی گەورەی خولی ئیسلامی ناسراوە، ئەوکارە زانستیە گرینگانەی (سابت بن قورە و بە تانی) کە لە موحاسبەی ئەوانا تێکۆشیون، تەقالادان بووە، بۆ دیاری کردنی ئەندازەی مەداری سەیارەکانی جیاجیای گۆیی ئاسمان، بە تایبەت لە سەر مەداری گۆیی مانگ «هەیف» فرەکۆشاون. کپلر بە دوای ئەمەدا چو و هەروا بە سەرنجدان بە مریخ، ئەوکارەی گەیاندە نەتیژە. ئەبوریحان لە ئاسارولباقیەدا، وانیشانمان دەداکە سابیئین لەو رەگژی یەن کە لە سەردینی میترائیسم یا ئایینی میهر، بوون، کە ئایینی میهر هی ئێرانیە کۆنەکانە، بە ماد و ئەوانی دیکەوە، کەلە سەرتاسەری ئیمپەراتوری رۆم بڵاوبۆوە و ئیمپەراتورانێ فرە ببونە میترایی. جادوای ئەوەی دینی مەسیح لە سەدەی چواری زاینی بە هۆی ئیمپەراتور (کۆنستانتین) و مردنی (ژولین) ئاخرین ئیمپەراتور، بووە باو، میهری مەزهەبیرۆم، میترائیسم کەم کەم چرای کوژاوە. ئەبوریحان ئەمە دەسەڵمێنێ: «زەردەشتیان هەندێ لەوانە لە ئایینی خۆیاندا ناو دەبەن کە لە ئایینی میهرو پێشینانی حەرانیان (هارانیان) وەرگیردراوە. (ئەحمەد بیرەشکی ١٣٧٢ ـ) ئەبوریحان لە ئاینی میهر بە ناوی باوەری ئێرانیانی کۆنی بەرلە زەردەشت لە ژێرناوی مەجوسانی پێشینان، ناودەبا و دەڵێ بەرلە زەردەشت موغەماد هەبوون و ئەمرۆ ناتوانی یەکێ لەوانە پەیدا کەی، کە باوەری بە فەرمودەی زەردەشت نەبێ ـ ئەبوریحان بیرونی ئاسارولباقیە، تەرجەمەی داناسرشت ١٣٧٧ دیهخودا. ـ لە ئاینی میهردا) فرەسەرنج دراوەتە، ئەستێرەناسی ولە کیمیاگەری وهەروا ورد بونەوە لە دوانزە بورجی ئاسمانی، حەوت سەیارە و چوارعونسور لە زۆر بەی ئاسەواری باقی ماوەکانی میهرا بیەکاندا، دەکە وێتە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەر چاو، لە بابەت بیرو باوەری سابیئین‌دا ئەبوریحان دەلیّ: «نەییرەین‌و ئەستیرەکـان و گشت گوّی روّژ، مانگ، سەیارە، و ئەو چوار عونسورەیان تەقدیس دەکرد: (بە پاک دەزانی) وەچەو نەوەو نەوەزاکانی سابیئین لە حەران نیشتەجیّن (ئەبوریحان سەرچاوەی بەرو) ئەبوریحان هەروا دەلیّ: «بوّئەو ان پیّغەمبەرانیّ فرەهەیەکە زوّربەیان لە فەلاسیفەی یونانن، وەک فیساغورس باپیرەی ئەفلاتون و هیرمس (ئەبوریحان سەرچاوەی پەرو) مەسعودی لە موروج زەهەب‌دا لە بابەت سابیئین ـ ەوە» دەلیّ «ئەفلاتون و فیساغورس لە پیّشقەدەمانی تاقمی خوّیان، دەهیّننە ژمار و ریّزیّ فرەیان بوّگوّیی روّژ و باقی گوّیـە، هەلّخولاوەکان داناوە. (مەسعودی موروج زەهەب تەرجـەمەی ئـەبولقاسم پـایەندە / ١٣٧۴ عیلمی و فەرهەنگی. مـەسعودی هـەروا دەلیّ: لە سـەر درگـانەی ئـەنجومەنی سابیئین لە حەران بە چاوی خوّم دیتم کە قسە یەک لە ئەفلاتون، بە زمـانی سـورەیانی نووسرا بوو، کەوایان تەرجەمە کرد: **هەرکەس خویّی ناسی، گە یشتەخوا.** ـ (مـەسعودی سەرچاوەی بەرو). ئەم رستە بەکوردی بە مجوّرەیە «خوّت خوّت بناسە».

ئەوە قسەی سوقراتە، کە دەیداتە پال کاهینی مەعبەدی دلف کە مەعبەدی ئاپوّلوّن یا روّژ بووە و ئەفلاتون ئەم رستەی لەکتیّبی ئەلکیبیاد، هیّناوە. سابیئان هەروەکو میترائیان پیّوەندی نیّزیکیان لەگەل (حەوت ئاسنەوالە و حەوت ئەستیّرە، سـازداوە، بـە وتـەی مەسعودی لە موروج زەهەبدا، ئەوانە لایان وابووە لە نیوان حەوت ئـەستیّرەکـاندا لە لایەک و حەوت ئاسنە والەکان لە لایی‌دیکەوە، پیّوەندی هەیەو بە مجوّرە بە تایبەت پیّوەندی ئەوانەیان نیشان دەدا (زیّر بوّ روّژ) و (زیو بوّ مانگ: هـەیف) و (قـەلایـی بوّ موشتەری) و (مس بوّ زوهـرە) و (ئـاسن بوّ مـریخ) : (کـوری نـەدیم). و (سـورب بوّ زوحەل)و (جیوە بوّ عوتارید) ـ (مەسعودی سەرچاوەی بەرو). بە قسەی کوری نـەدیم سابیئیان بە سەنەوی‌یەت باوەریان بووە و دنیایان تیّکلاویّ لە نیّرومیّ زانـیوەو ئـەمە هەرئەو رەوشتەیە کە کیمیاگەران، بەکاریان دەبردە و گوگردیان بە نیّرو جیوەیان بە میّ

Dr.Saleh Ebrahimi



دەزانی و لایان وابو، باقی مەوا دە کان لە تیلکلاّو کردنی جیوە و گوگرد، بە دەس دێ، لە بابەت میعماری‌دا سابیئان بوّ سازدانی مەعابیدی حەوت سەیارە کە، نوکتەیێ سەیری‌یان لەبەر چاوگرتووە، مەسعودی لە بابەت شکلی هەندەسی ئەوانەوە دەڵێ: «مەعبەدی زوحەل شەش گوّشە، هی موشتەری سێ‌گوّشە، هی مریخ چوارگوّشی درێژە، هی روّژ چوار گوّشە، هی‌عوتاریدسێ‌گوّشە، هی زوهرە سێ‌گوّشە لە نێو چوار گوّشی درێژە و هی مانگ هەشت گوّشە (مەسعودی سەرچاوی بەرو) بەلاّم لە (نحبةالدهر-)ی دیمەشقی تەرجەمەی سەیید حەمید تەبیبان ١٣٥٧ ـ لە فەرهەنگستانی (ئەدەب) دا، و تراوە: (زوحەل ٦ گوّشە ـ موشتەری موسەلەسی، هیرەمی یە. ـ مریخ = موکەعەبی درێژە، روّژ = موکەعەبی ـ زوهرە = هیرەم لە نێو موکەعەبی درێژ ـ عوتارید = ٦ گوّش لە نێو موکەعەب ـ مانگ = ٥ گوّشە). ـ ئەم جوّرە نیشان دانانە، تەقالای کپلر دەهێنێتە بیر، کە لە بە کار بردنی چەند روە کانی مونتەزەمی ئەفلاتونی لەبیرو را دەربرین کە لەبابەت دنیا ناسییە کەی ئەو داهاتون و نیشان دراون، جا لە هەرجێێ وێنەی شکل و بیچمی مونتەزەمی هەندەسی دە دوّزراوە، دەیان‌دا پاڵ سابیئین، هەروەک ئەهرامی میسر کە هیرەمی بوون یا مەعبەدی بەعلە بەک کە موکەعەبی شکڵە، خاڵە هاو بەشە کانی نێوان سابیئین و باوانە کانی عیلمی تازە، دەتوانرێ بە مجوّرە کوّبکرێنەوە: ورد بونەوە و ئوگر بوون بە نجوم. ـ ورد بونەوە و ئوگربون بە ریازی ـ هەبونی پێشقەدەمانی هاوبەش وەکو: فیساغورس و ئەفلاتون ـ رێزدانان و ئوگر بونی عیرفانی بوّ روّژ ـ ورد بونەوە لە بیچمی هەندەسی مونتەزەم ـ سەرنجدان بە کیمیاگەری ـ ورد بونەوە لە ئەستێرەناسی ـ سەرنجدانی راستەوخوّ یاناراستەو خوّ بە ئایینی میهر، بە لەبەر چاو گرتنی ئەم خاڵە هاو بە شانە و رێزدانان و ئوگربونێ کە (کپلر و کپرنیک) سەبارەت بە زانایانی سابیئی نیشایان داوە، لەوە دەچێ کپلرلە جوّری‌میعماری سابیئی‌یان، ئاگادار بووە و میعماری ئەو مەعەبەدانە بوّکپلر بونەتە سەرمەشق، بوّ بە کارگێری چەن روەمونتە زەمە کان، لە بیرورا دەربرین لە دنیاناسی خوێدا

Dr.Saleh Ebrahimi



ـ دیارە تەقالای زانایانی سابیئی لە دیاری کردنی ئەندازەی مەداری گۆگەورەکان، بە تایبەت گۆی مانگ بە حەتمی[1] سەرمەشقێ دیکەبووە تاکپلێر بتوانێ بە پەیرەوی لەوان قانونەکەی بە دەس بێنێ. رۆژنامەی هاو شاری پەرەی ٦ دوکتور کامران ئەحمەدی ـ چاپی پێنج شەمە ١٨ی گولانی ١٣٨٢ و ٨ مە ٢٠٠٣ و ٢٧٠٣ کوردی.

**مادەکان** لە سەدەکانی ۴ و ۵ ی زاینی دا فێرگەیلێ گەورە و جێی دلنیایی یان لە روحا (ئیدیسا) و نەسیبەین و هەندێ لە شارەکانی دیکەی کوردەواری ئەو سەردەمەدا، سازدا (سەفا ، ١٢ ـ ١٣ ، ١٨ ـ ٢١) دیارە زانینگە و نەخۆشخانەی گوندی شاپور، بە رلە ئیسلام و دوای سەرهەلدانی ئیسلامیش، فێرگەی زانینەکانی رۆژباو، بووە (دینەوەری ۴٦ ـ ۴٧ ، ئەبو فیدا، ١/ ٥٠ سەفا، ٢٢، ئیقبال ١٣٣، دانلپ، 219. ئەلگود تاریخی پزیشکی A6-77 Amedical؛ قیفتی ١٣٣) ـ (بروانە هەد ئالی بەختیشوع، ئیرانیکا 17/207 )، ئالی نەوبەختی کورد، کاریان ئەوە بوو، ئاسەواری پەهلەوی: (کوردی مادیان، پارتیان) دەکردە عەرەبی. بەنوموسابن شاکر لە بنە مالەی مادەکوردەو ناودار ولە زاناگەورەکان بوون، کە موتەرجیمانی گەورەی وەک حونەینی بن ئیسحاق وسابتی بن قورە (لە سابیئنی کورد)، بۆ ئەوان کاریان دەکرد و بەنو موسا خویشی چاوە دیری بە سەرەوە، دەکردن (کوری نەدیم ٢٦٦ ـ ٢٦٧، ٢٧١ ـ ٢٧٢ ، قیفتی ٢٠٨ ، ٢٨٦ ـ ٢٨٧) سەرەتایێ کە ئەحمەدبن موسا بن شاکر لەسەر دەقی عەرەبی مەخروتات ئاپۆلونیوس، نووسیویەتی شێوەی بەرزی ئەوانە لە تەرجەمەی ئاسەواری یونانی و هەلەگیری ئەوە، بە جوانی نیشان دەدا (بە نوموسا ٦٢٩ ـ ٦٢١) ـ یەکێ دیکە لەو زانایانەی کە ئاسەواری زانینەکانی ریازی، ئەستێرەناسی و تیب (پزیشکی)یان لە پەهلەوی و سانسکریتی و سورەیانی یان، کردوتە عەرەبی یا رافەیان کردوە، نەیریزی،

1. Frantz Cumont /1942/ Le coq blanc des mazdeen et Les phythagoriciens, C.R.A.I.

سەهل (رەبەن: رَبَنْ)، محەمەدبن ئیبراهیم فەزاری (یا ئیبراهیم بن حەبیب فەزاری و ...) یە، (کوری نە دیم ٢۴۴. ٢٦٨، ٢٧٣، ٢٧٩؛ بیرونی ئاسار ... ١۴٢ . ئەلقانون ... ؛ ٧٧٩/٢ زوتێر، ریازی زانان ... Diemothematiker ـ کاروتێکوشانە سەرکەوتووەکانی **موهەندیسی** (ئەندازیاری و دەریاگەڕان و حسێب کردنی مالیات و رەسەد و زیجەکان کە لەو سەردەمانەدا ئەنجام دراوە، **نیشانەی ئەوەیە کە کوردەمادەکان زانا بەو زانینانە بوون و** ئەوزانینانە لە و رۆژگارەدا برەویان بووە، ـ ریازی زانانی کوردی ماد، لە سەدەی **۴**ی‌بەر، لەزاین، توانیویانە جەبر، حیساب، هەندسە، موسەلەسات و ناسیاوی بە ژمارە، **تەربیعی** دایرە، تەسلیسی زاویە، تەسبیع و تەتسیعی‌دایرە (رەسمی ٧ زیلعی و ٩ زیلعی مونەزەم، کەلەم رۆژگارە دا، موسوڵمانان پێی ناسیاون، لەوانەوە، سەر چاوەی گرتووە ـ **واژەگەلێ** وەک زیج هیلاج، کویخا، گیان بەختان، جوزهێر و هەندەسە (لە هندازک ـی، پەهلەوی ـ ئەندازە، گیراون، بڕوانە مەکەنزی AZ) لە ریشەدا پەهلەوین ـ دەتوانین لە دوزیج بە نێوی زیجی‌شا (یا زیگ شەتر و ئەیار) نێوبەرین کە هی خولی (ئەنەو شیرەوان و یەزدی گوردی، کوردی سێوەم) ن ـ رەسەدی thepersian (عەلی بن سلێمان، ک ٩۵، بیرونی، ئەلقانون ١۴٧٣/٣ ـ ١۴٧۴ و حەمزە. ١٩٧ ـ ٢٠١، (کوری نەدیم ٢۴٠ ـ ٢۴١).

سودسی فەخری و کەرەستەی رە سەدی کوڕی سینا. (کە موتەرجیمی قانون، زانای ناودار (عبدالرحمن شەرەفکندی: هەژار ـ کوری سینا بە کورد، دەزانێ) بە سەرنج‌دان بەوەکە سال ٢۴٢٢ / ٣٦۵ رۆژە، سەری ساڵی **نەو رۆژ** لە جێی راستی خۆیدا (دەسی پێکی بەهار) سابت نامێنێتەوە. چون ساڵیان بە ١٢ مانگ و هەرمانگیکیان بە ٣٠ رۆژ دادەناو **۵** رۆژ بەنێوی پەنجەی تار، دەماوە، بۆ جوبرانی ئەوکەم و کوری یەی ٣٦۵ رۆژی سال، هاتن هەر ١٢٠ ساڵیان، یەک مانگیان، بەکەبیسە (یەک سال یان بە ١٣ مانگ دادەنا، مقریزی ٢٧۴/١؛ مەسعودی، تەنبیە ٢١۵، بیرونی ئاسار ١٠ ـ ١١، ۴٢

Dr.Saleh Ebrahimi



، ٥٢، یانی هەرسالێکیان بە ٣٦٥/٢٥ ڕۆژ (لەکەبیسەی ١١٦ ساڵە بە ئینرافەی $\frac{١}{١١٦}$ ڕۆژ) دادەنا. دەس پێکی هەرساڵێکیش بە تاج لە سەردانانی هەرشایێ بە نەورۆزی ئەو ساڵەدادەنرا، بەلاّم چون لە بەرچاو گرتن یا ژماردنی کەبیسە بەرلە ئیسلام تەرک کرابوو، جێی نەو ڕوز، دەگۆردرا، هەروەک نە و ڕۆزی ئۆلی ساڵی تاج لەسەر دانانی یەزردی گوردی، کوردی سێوەم کە ئاخرین کاو: (گاە) ژماری خەڵکی بووە بە رامبەر، لەگەڵ ١٦ ی، ژوئینی ٦٣١ ـ ز ـ ١١ مانگی (یانی ٩١ ڕۆژ دوای دەس پێکی بەهار) بوو، کە دوای هاتنی ئیسلامیش کاو ژماری زەردەشتی و ئەستیرە ناسەکان، هەروا بێ لە بەرچاوگرتنی کەبیسە بەکار دەبرا ولە حسێب و کتێبی ماڵیاتیشدا برەو دار بوو، تالە ڕۆژگاری مەلیکشای سەلجوقی ڕۆژ ئەژمێری جەلالی بەراستترین ڕۆژ ئەژمێری دنیا، دانراو بەکاربرا (تەبەری ٣٩/١٠، بیرونی سەرچاوەی بەرو، ١٠، ٣١ ـ ٣٣، ٦٨، ئەم ڕۆژ ئەژمێرە کە ئیمام ئەو ڕەحمانی خازینی کورد لەگەڵ حەکیم عومەرخەییام کاریان لە سەر کردوە، لە ١٣٠٤ ی هەتاوی بەکەمێ گۆڕان لە نێوخەڵکیدا ناسراو لە سەر بنەرەتی **ئیعتیدالی بەهاری ڕیک و پیک کراوە و ئیتر ڕۆژی تازە بونەوەی نەو ڕۆزی پیرۆز** ناگۆردرێ. ـ نەو بەخت (دح ١٦٠ مانگی) فەزاری فیروزان باوکی یەحیا بن ئەبی مەنسور (خەتیب ٣١٨/٤، کوڕی خەلەکان ٧٩/٦) یەکەمین ئەستێرە ناسانی دەورەی ئیسلامین، **نەو بەخت یەکەمین ئەستێرەناسی ناوداری بوختی یە ـ(دیارە بوختی کوردەو بەدرخیانیان کوردی بوختین.)** (هم) کە کات و ساتێ باشی بۆ سازدانی شاری بەغا (١٤٥ ی مانگی و ٧٦٢ ی زاینی) لە بەرچاوگرت (ابن‌فقیە ٢٩٠، ٣٣٨، بیرونی سەرچاوەی بەرو ٢٧٠ ـ ٢٧١، خەتیب ٦٧/١، یەعقوبی ٢٣٨، ٢٤١) ئەبو سەهل کوری نەو بەختو دو نەوەی ئەو: حەسەن وعەبدوللاّ بن سەهل (برازاکانی ئەبوسەهل) یش ئەستێرەناسی دەرباری عەبباسیان بوون، (کوری نەدیم)، ئەبوسەهل و زۆربەی زانا **گەورەکانی بوختی** (نەوبەخت)بە موتەرجیمانی کتێب ـ ی پەهلەوی یەکوردی یەکان

Dr.Saleh Ebrahimi



دادەنێ کە کردویانەتە عەرەبی (پەرەی ۲۴۴، ۲۷۴ـ۲۷۵ ابن ابی اصیبعە ۱/۱۵۲، قیفتی ۲۳۹ زوتێر (ریازی زانان) S,16 کوّبەی 158-nachträge سارتێن (1/S21, S31) **فەزاری و یەعقوب بن تاریق، مادوکوردبون**، زوّتێر (ریازی زانان) 3-4-70g، سارتێن 1/S30) تەنانەت یەکەمین موسوڵمانێ بوون زیجیان لە روی ئاسەواری هێندییەوە داناوە. دایرةالمعارف بزرگ اسلامی ج ۱۰ پەرەی ٦٦٥ چاپی ۱۳۸۰ تاران. ـ کتێبە خەتی یەکوردی یەکان ـ (لە هێرشی هولاکوّسوتێزا، یا خرانە نێو ئاوی دەجلە و ئەو ئاوە زوّرەی رەش هەلگیرا ـ شێخی سەعدی شیرازی بە عەرەبی شینی بوّگێرا، بەلاّم خاجە نەسیری توسی لەسەر ئەوەگرتی و دارکاری کرد، دوای ئازاد بون سەعدی هەلاّت و نەیوێرا برواتە وە (جوانرویی) جیێ باوانی، رویکردە شیراز ـ (پەرەی ۲۹۰ قصص العلمای تنکابنی).

☐ ئەرەستو فەلسەفە و حیکمەتی زانایانی ماد و ئێرانی کوّنی لە فەلسەفەی میسریش بە کوّنتر داناوە.

☐ کوتزیاس لە زەردەشت بە نێوی کەسێ ناو دەباکە لە ئەستێرە ناسیدا دەسێ بالاّی بووە، نویژەکان و دوعاکانی زەردەشت هەموی ـ کە بەگاسها ناودێرن ـ هەر پارانەوە لە خوایە کە: «ئاهوّرە موزدای مەزن! توّ ماژەکانی مەزدیسنە لە ئازاری دیّوەکانی دەورو بەرەی دەریاچەی وان بپارێزە» بێ گومان خزمەکانی ئەو بە تیرەی ماژ: ماد ناو براون. گاس کە بە مانای دوعایەو دوعاش یانی بانگ لێکردن، ئێستاش لە نێو زوّرێ لەکورداندا، گاس یاگازە، هەیە. بوّوێنە: گاسی فلاّنی بکە! گازم کردی گوێت لێ نەبوّ، عەرەب (ژیێ) بوّنایێ کردویەتە (زێ) و (ژیێ) «ماژ»ی کردوتە جیم «ماج» و «ماژیار»یان بە مازیار و (مازو) ـ یان بە «مازوج» خوێندوّتەوە. کێوی مازێ «ماژێ» و «سەردەشت» زەردەشت بووە و (زێ) بوّتەسین، چون دەشتێ لەوێدا نییە، هەر «ژێ» یە و بوّتە (زێ)، زەرتوشت لە ترسی دیوەکانی و ان سواری لوّکەزەردەکەی بووە، بە دوانزە روّژ لە «ورمێ» وە، خوّ

Dr.Saleh Ebrahimi



دەگەیێنێتە سەرئاوی «تیەتیّ» کە دەرژێتە، چەمی کەڵویّ و تیەتیّ لەکێوەکانی «گەورکانی» سەرچاوە، دەگریّ و لەسەردەشت نێزیکە و لە لای سەردەشت گوندی «هورمزاویّ» و لەو دیوی سەردەشتیش، لە لای چوارتا «هەرمن» هەیە کە ئەهریمەن لەویّ ژیاوە. پەرەی ٢٧ و ٢٨ مێژوی ئەردەڵان چاپی ١٣٨٠ی هەتاوی ـ تازەنگاه ـ لێکدانەوەو وەرگێرانی موحەقیق و شاعیری ناوداری کورد (عبدالرحمن شرفکندی: هەژار)

Kamran Ahmadi, 1987, Recherche surles religions les Achemenides, memoire de maitrise d'histoire, poitiers.

□ هەراکلید فەقییّ ئەفلاتون نووسراوەگەلیّ لە بابەت دنیا ناسی یەوە، دەداتە پاڵ زەردەشت و موغەکان.

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ ئەدوکس کنیدی زاناو ریازی زانی ناودار، عیلمی موغەکان زۆر بەکۆن دادەنیّ و زانستی ئەو موغانە لەگەڵ زەردەشت بەچەن هەزار ساڵ بەرلە ئەفلاتون، دەزانیّ.

□ ئەرەستو، ئەفلاتون بە شویّن وەرگر لە موغان دادەنیّ(1)

□ فیساغورس یان بەموغیّ بەناوی زەرداتس دانـاوە و جـاربە جـاریش بـە فـەقییّ زەردەشتیان زانیوە

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ یونانیەکان بەگشتی موغان یان بە یەکەمین کەسانیّ ناو بردوەکە زانینی دنیا ناسی یان بەدی هێناوە

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ ئەدوکس کاتیّ کە لەئایینی موغان، قسەدەکا، ئەوە بەناوی یەک فەلسەفە، دەگرێتە

1. Joseph Bidez, Frantz Cumont, 1938. Les mages hellenises, I-II, paris.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرچاو، وە بە باشترین فەلسەفە، یادی دەکا،

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ پولین موغان بە فێرکاری هونەری کەڵك وەرگرتن لە گژوگیا دەرمانی دەداتە ناسین.

Kamran Ahmadi, 1987, Recherche surles religions les Achemenides, memoire de maitrise d'histoire, poitiers.

□ ئیستانس موغی مەزن لە رۆژگاری هەخامەنشیان دەژیا، کە ناوبانگی تا یونانیش چبوو بە فەیلە سوفیێ گەورەی یونانی ناو دەبراو تا سەر هەڵدانی رێنسانس بەکیمیاگەرێ مەزن دەناسرا و لەساڵی ۴۰۸ لەکاتی لە شکر کێشی خەشایار شا بۆسەر یۆنان، لەگەڵ ئەودا بوو.

□ لە شاری ئەبدەر ئیستانس میوانی باوکە دمکریت فەیلە سوفی یۆیانی بووە، مەرجەعە، جیاجیاکانی دمکریت فەقیێ ئیستانس، موغان بووە.

Joseph Bidez, 1945, Eos ou plator net orient, bruxelles.

□ ئیستانس یەکێ لەکەوناراترینی مەرجەعی کیمیاگەری هاتۆتە ئەژمارو فەقیێ ئەو، یانی دمکریت یەکێ دیکە لەمەرجەعەکانی کیمیاگەران بووە

Kamran Ahmadi, 1987, Recherche surles religions les Achemenides, memoire de maitrise d'histoire, poitiers.

□ زۆربەی فەیلەسوفانی ناوداری یۆنان، کەسانێ وەك دمکریت، ئەدوکس و هراکلیت لە مادستان و ئێرانی کۆن لە خولی هەخامەنش لە دایك بوون و ژیاون.

□ رۆژگارێ کە ئاکادیمی ئەفلاتون لە ئاتێن بە دەس ئیمپەراتوری ژوستێن داخرا. پەنایان هێناوەتە ئێرانی کۆن و مادستانیان بە لانکەی عیلم و هونەرو زانین زانیوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# فێرگه

لەم هەلە و مەرجەی ئێستا، دومەبەستی رەگەزی (نیژادی) و ئەسلافی پێوەندیدار بە بەر لە چواردە سەدەی ئەم کات و ساتەیە، ـوە ئەوی دیکەیش عونسوری فیکری و دینی و باوی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی پێوەندار بەم چواردە سەدەی دوای فەجری ئیسلامە، ئێمەی ئیرانیان بەپارس و کوردە وە، لە بابەت رەگەزو رەگژی خۆرسکی و نیژادی بە هۆزەکانی ئارییایی پیوە ندیمان هەیە و لەبار، بیرو باوەر، فەرهەنگ، باوگەل و نەهادی کۆمە لایەتی یەوە، بەگشتی، پێوەندمان بە دینی ئیسلامە وە هەیە، کەلە لایـەن نـیژادی نائارییایی یەوە داهاتووە ـ واتای ناسیونالیسم بەم بیچمەی ئێستا لە دنیادا مێژو پێمان، دەڵێ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەی زاینی لە ئەلمان پەیدا بووەو لە راست کە موکوری ئازادی راپەرین (ئینقیلابی کەبیر ـ)ی فەرانسە لە ئوروپا سەری هەڵدا، هەرچەند ئەگەر بەوردی بروانینە مێژو، ئەوبیرە لەلایەن حەکیم ئەحمەدخانی کورد لەسەدەی ۱۷ و بەر راپەرینی فەرانسەویان و فیختەی ئەلمانی بەیدا داهاتووە (بروانە دیوانی مەموزین چاپی مەسکۆ ۱۳۴۸ ش) راپەرینی فەرانسەویان لە راست بیری ئەشرافـی کۆن بـو، کـە بـایەخیان بۆ ئاپۆرەی خەڵک دانەدەنا، لەوسەردەمانەوە تیمی بنەرەتی قسەی قسەزانان و نوسەرانو فەیلە سوفان بووە: (میللەت) و ئاپۆرەی خەڵک ئازادی و بەرانبەری تـاکـە تـاکـی‌یان دەویست. فیختە فەیلە سوفی ئەلمانی یەکەم ئەلمانی بوکە بۆیی دەرکەوت لەو ئازادی سازدراوەی سازدەرانی ئیعلامیەی حوقوق و مافی بەشەر ئەلمانی کەم بەش یا بـیبەشن، ئەوە بولە چواردە کونفەرانسا لە ئاکادیمی بیرلین، خـەڵکـی رون کـردەوە و داسـتانی میللەتی ئەلمانی بە نێوی واحیدی کە نیژداد، زمان، فـەرهەنگ، بـاوی نێـو ئـەلمانیان، جوغرافیا و روشتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دارای (نبوغی‌زاتی) دوای ماوە یەک بووە تێزی ناسیۆنالیسم لە دنیادا و باوی پەیداکرد.

ئایەرەی کلاسیک، دیارە جیاوازی لە نـیوآن، عـەرەب، فـارس، کـورد، تـورک،

Dr.Saleh Ebrahimi



ئوروپایی، ئه‌فریقای و ئاسیایی دا هه‌یه چ له ره‌نگ، شکل و شه‌مایل، زمان و تایبه‌تی یا کاری فیزیکی ئاداب و روسوم، فه‌رهه‌نگ و ته‌نانه‌ت له بیر کردنه‌وه و تایبه‌تی‌یه کانی رۆحی و ره‌وانی و له‌ش و لار یشدا جیانی ده‌بیندرێ.

هه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی یا ناسیونالیسم: (نه‌ته‌وه ویستی) بریه‌تی یه له وجودی هه‌ستی هاوبه‌شبون یا ویژدان و شعوری جه‌معی له نیوان ژمارێ له مرو که واحیدێ رامیاری یا نه‌ته‌وه به دی دێنن. ئه‌وه خوێی ده‌بیته هۆ بۆ لێک نیزیک بوون و پێوه‌ندی سازدان له‌گه‌ڵ یه‌کتر یا باقی نه‌ته‌وه‌ی دیکه.

کلاسیکی غه‌ربی ئه‌مه‌یه (وتویانه:) که ئه‌م ویژدانه جه‌معیه، زاده‌ی هه‌ل و مه‌رجی ئاقاری ره‌گه‌زی: (نیژادی). زمانی، ئاداب و روسومی تاریخی و فه‌رهه‌نگی هاو به‌شن.

زمان هۆیی نێزیکی تاکه تاکه له یه‌کتر و رێبارێکه بۆ پێوه‌ندی پته‌وی دڵ و ده‌رون و عاتیفه و پێکه‌یشتنی شعوری جه‌معی و که‌ره‌سته‌ی نه‌ته‌وه‌یی‌یه.

ره‌گه‌ز، لێکۆڵینه‌وه‌ی مێژویی و کۆمه‌لناسان نیشانیان داوه که هه‌موره‌گه‌زو ره‌گژی هه‌ر ره‌گه‌زێ له به‌ره‌ی مرو ئه‌گه‌ر هه‌ل و مه‌رجی کۆمه‌لایه‌تی و ئابوری، رامیاری‌و ئه‌خلاقی بۆ ده‌س‌بدا ده‌توانێ له‌گشت تایبه‌تی مرۆفانی که لێک وه‌ربگرێ‌و به‌تایبه‌تی یه‌کانی خوێی ده‌بیته هۆی پێکه‌وه لکانی ویژدانگه‌لی تاکه تاکی کۆڕو کۆمه‌ڵ و نه‌ته‌وه‌و ره‌گه‌زی خوێی.

**نه‌خشی روناکبیران.** ئه‌وه‌یه به‌ده‌رد و مه‌رگی هۆزه‌که‌ی ناسیاو بێ و خوێی به‌ها و ده‌ردی ئه‌وان بزانێ و به‌راستی بێ پێوه‌ندی به فیکری ناو بێگانه هۆی ده‌ردو رنجی خه‌ڵک ئاشکرا بکاو هۆیی ئازادی، به‌خته‌وه‌ری و سه‌ربه‌رزی و تێگه‌یشتن و پێگه یشتنیان نشان بدا، دیاره روناک بیر، هه‌رچی دڵسوزتر و لێبورتر بێ شوێن دانانی بیرو باوه‌ری ئه‌و له نێو ئاپوره‌ی خه‌ڵکدا زیاتر و په‌ره دارتر و به‌کرده‌وه‌یش به په‌له‌تر شوێنی خوێ داده‌نێ و ویژدانی خه‌ڵکه‌که‌ی زوتر بێدار دبێته‌وه‌و یه‌کده‌گرن و ده‌بنه پشتیوانی

Dr.Saleh Ebrahimi



یه‌کتر.

**سنور:** سنوری تاریخی، جغرافیایی، سیاسی، ره‌نگ و زمانی هاوبه‌ش له نیزیکی‌و لیک حالی بونی تاکه تاک و نه‌ته‌وه یه‌ک به‌عام شوین‌دانه‌ر و **دامه‌زینه‌ری نه‌ته‌وه‌یه.**

ده‌ردی هاو به‌ش ویژدانی کومه‌لگا و هه‌ستی نه‌ته‌ویی یا ناسیونالیسم: (نه‌ته‌ویستی) له نیوان کومه‌لی له خه‌لک روژگارو زه‌مانی به‌دی دیی که ده‌رد له زولم و ده‌س دریژی‌و ویستی هاوبه‌ش، له‌و ئاپوره‌دا به‌دی‌هاتبی، ئه‌و ویسته هاو به‌شه‌ی ئه‌وان، که ئامانجی هه‌مویان پیکه‌وه سازده‌دا، جادوابه دوای ئه‌وه‌یه که راپه‌ین و بزاو (حه‌ره‌که‌ت) ده‌س پیی ده‌کا و توشی ده‌رد و ره‌نج ده‌ین و به‌ویژدانی ئه‌وان قه‌وام و ده‌وام ده‌داو پیوه‌ندی روحی نیوانیان به وینه‌ی یه‌که‌مین نه‌ته‌وه، وه نه‌ته‌وه خواری به دی دینی و جوان ده‌ی گونجی و ده‌ی سه‌لمینی.

**که ره‌سته‌ی وه‌حده‌ت:** هه‌ست کردن و لیبران بولابردنی ده‌رد و زولم و مارزو ویستی دادگه‌ری و به رامبه‌ری و به‌دی هینانی ئازادی‌یه.

**فیخته فه یله سوفی ئالمان** ده‌یویست ئه‌لمانیه‌کان له‌بن ده‌س ده‌رد و ره‌نج و ئازارو ره‌خنه‌ی رامیاری و ئابوری فه‌رانسه‌وی یه‌کان رزگار بکا.

**گاندی** ده‌یویست خه‌لکی هینده‌له بن ده‌سالاتی نیزامی، رامیاری، فه‌رهه‌نگی و ئابوری ئینگلیس ده‌ربینی.

ئیتالیایی، ویتنامی، ئه‌لجه‌زایری، فه‌لسینی و **مه‌لا مسته‌فا بارزانی رابه‌ری که‌بیری نه‌ته‌وه‌ی کوردو نه‌مر،** وه کوردی عیراق، هه‌مو ویستویانه له‌بن ده‌سه‌لاتی زالم و زوردار و ملهور خو و ئاپوره‌ی خالکی خویان رزگار و ئازاد بکه‌ن.

ئاپوره‌ی به‌شخوراو یابی به‌ش یا به‌شدار وته‌سه‌ل یا ولاتاتی پیشه‌یی و پیگه‌یشتو یاولانی دواکه‌وتوو ناپیگه‌یشتو، ئه‌م جیاکردانه‌و نه‌ش له بیروړای تیبور مه‌ند: (دنیایی له‌نیوان ترس و هیوا) نوسه‌ر و لیکوله‌ری روژاواو غه‌ربی هه لقولاوه.

Dr.Saleh Ebrahimi



دیارە ئەم کەرەستە بناغەیی وجەوهەریانە: جارێ کە بچێتە نێو ئاپۆرەیێ، هەستو ویژدانی هاوبەش بەدیدیێ، روحو ژێرخانی نەتەوەیی ساز، دەبێ و ئەم ژیرخان و رۆحە نیازی بە قالب و مەهبەتێکە، کە هەر ئەو سنوروکە وشەنە ئەبنوژەنی (مادی) و خۆرسکیو قەرار دادی یەک، خۆی نەتەوە و نەتەوە خوازی سازدەدا و پاراستن و کەرەستە بناغەیی و جە و هەری یەکان، خۆی دەبێتە هۆبۆ پاراستن و راگرتنی قالبەکە، لە دەس تیوەردان و رەخنە کردنی بێگانە و نامۆ، کە لە جەوهەرا لەگەڵ یەک نەتەوە دژایەتی هەیە و دەرد و رەنج و ویستەکانی ئەو ناناسێ یا لەگەڵ ئەوا دژو دوژمنە.

## كردستان الشرقية (ايران) .. ترجمة تفسير القرآن الكريم بالكردية



لأول مرة في كردستان ايران قام البروفيسور - محمد صالح ابراهيمي (وهواستاذ جامعي) بتفسير القرآن الكريم باللغة الكردية كما راجع التفسير مجموعة من علماء كردستان وقد ساعدت وزارة الثقافة والارشاد الايرانية على طبع هذا التفسير.

ويعتبر عمل الدكتور ابراهيمي رافداً جديداً للغة الكردية التي لا تدرس في كردستان ومصدراً لأبناء كردستان المحرومين من المصادر والكتب الكردية إلاّ ما ندر.

27 نداء الحق
بانگی هه ق - السنة الرابعة - العدد ١٤ _ ١٥ / سبتمبر ١٩٩٥م

٢٠٢٧: (شەپۆل) نوسەر، رۆژنامەنوس، لێکۆڵەر، ئوستادی زانکۆی تاران، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کورد و دامەزرێنەرو کۆنسەی سەروکایەتی کۆمکار (جامعە)ی کوردانی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# مەستورە خانم کوردستانی

کـــــــوردستانیم و کـــــــوردستانم خۆشـــــــەوێ
لە خۆر هـــەڵات و خۆراوا هـــەر ئێـــرەم خــوشەوێ
هــــــەرکەسێ بـــــە نــــــازەنینێ دە نـــــــازێ
مـــن لە جـــیهانا کـــوردستانی نـــازەنینم خۆشـــەوێ
چـــون زادەی کـــوردەواریـــم هـەرکوردستانم خۆش وێ
من کوردم و هەر کوردو کوردستانم خۆشەوێ (شـەپۆل)

**حەکیم مەولەوی کورد** (١٣٠٠ ـ ١٢٣٩) لە پەسنی مەستورەی کـوردستانیدا بـە شیعر فەرمویەتی.

خورشیدەکەی ناز ئەوجی بورجی سەور     سـەر تـوغرای دەفـتەر مـەحبوبان دەور
هـاله یـانەکـەی بـورجی شـەرەفدا     نـور ئـەفشانیشەن، وە هـەر تـەرەفدا

ئەحمەد بەگ کۆماسی (١٢٩٦ ـ ١٢١٥) لە پەسنی مەستورەی کوردستانیدا بـە شیعر فەرمویەتی:

مەستورە و فەردەش ویێەی گەو هەرەن     نە مولَك عیفاف ئەو چون جەو هەرەن

مەستورەخانم شاعیر، ئەدیب و تاریخزان و تـاریخ نـوسی زانـاو نـابیغەی زەمـانە، دەنوسێ بەنی ئەردەلاَن لە رەگەزی ئەردەشێری بابەکانن و لەگەڕانی زەمانەوە چوونەتە، شام و لەکاتی خیلافەتی ئیمام حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، بـە دەسـتوری ئیمام حەسەن، **بابا ئەردەلاَن**، بنیاتنەری زنجیرەی ئەردەلاَن، دەبێتە والی و حـاکـمی ئوستان (: ئەیالەت)ی کوردستان و **نیشانەش بۆ ئەوە، ئەنگوستیلە یەکی عەقیقە بە خەتی کوفی**، کە بەتەبەڕوك و مدفەرکی ئیمام حەسەن، بە بابە ئەردەلاَن ـ ی داوە و لەو ساوە، تا ئەمرۆ ئەم تاریخە: (١٢٦٢ مانگی) هەر ماوە و بۆ ودم هەڵگیراوە. بڕوانە تـاریخی ئەردەلاَن بە هەڵەگیری و خۆشکردنی ناصر ئازادپور، چاپی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi



خانمی ئەفگیناواسیلی ئافا، لێکۆڵەری روسی لای‌وایە مەستورەی کوردستانی لە ۱۸۰۵ ز ـ لە شاری سنە لە دایک بووەو لە باوکەوە لە بنە ماڵەی قادری و لە دایکەوە لە بنەماڵەی وەزیری یەکانی شاری سنەیە، کە هەردو بنەماڵە، بە ئازاو بوێرو جەنگاوەر، ناسراون. ـ **مەستورە خانمی کوردستانی** ۴۴ یا ۴۲ ساڵ ژیاوە و ئەو هەمووە خزمەتە عیلمی، ویژاوەری ئەدەبی و مێژویی و خەت خۆشی و ئەو هەمووە، هورانەی لەو تەمەتەکورتەدا ئەنجام داوە.

مەستورەخانم هەم شاعیر، ئەدیب، مێژوزان و مێژونوس، هەم تەزکەرە نوس، هەم ئەقیدەو شەریعەت نوس بووە. دەتوانین بڵێین: لە رۆژ هەڵاتا، ژنێ وەکو مەستورەخانی کوردستانی سەری هەڵنەداوە. **مێژونوسینی مەستورە تەنیا تاریخی بووەکان نیە.** تاریخی ئەبێ ببێ و ئەشێ وابێ یەو تاریخی ئەوانەی، رویان نەداوەکانیشە، جا هەر لە بەر ئەوەیشە، تاریخەکەی مەستوزە تەنیا تاریخ نیە، بەڵکو ئوستورەیشە، ناکرێ بە چاوێ سابت و یەک لایەنانە، بڕوانینە مێژوی مەستورە، لەوشوێنانەی، کەنەی توانیوە راستیەکان بنوسێ، بۆ خۆ پاراستن لە تەحریف یامەسخی تاریخ، لە تاریخ زیاتر چۆتەبان و قسەی لە ئوستورەی سیاسی کردوە.

نالی (۱۲۹۵ ـ ۱۲۱۵) بە توانج لەگەڵ مەستورەخانمی کوردستانی دواوەکە فەرمویەتی:

(مەستورەکە حەسناو ئەدەبیە بە حیسابێ

(هاتە خەوم ئەم شەو بەچ نازێک و عیتابێ

هاتوم، وتی: عوقدەم هەیە، قەت مومکینە، وابێ

هی‌تۆم، ئەگەرەم مەسئەلە، حەلکەی، بە جەوابێ)

و...؛ **حەزرەتی نالی** بەو هەمووە زانایی‌و هەستە ناسکەوە، کە تەو قەسیدەی فەرمووە، لەوە دەچێ، لە غەنیمێک گەراوە، کەخۆی لە راست ئەودا تاقی بکاتەوە و مەستورەی بەشێری ئەو مەیدانە داناوە، هەربۆیێ ئەو هەموو، فەساحەت و بەلاغەتەی

Dr.Saleh Ebrahimi



لەو هۆنەی خۆیدا لە بابەت مەستورەخانمی کوردستانی بە کار بردوە.

لێکۆڵەرو زانا کاک حەکیم مەلا صالح لای وایە مەستورەی کوردستانی بە زمانی کوردی شیعری نیەو غەزەلێ، کە حەزرەتی نالی لەوا بە توانجو تەشەر ناوی مەستورەی کوردستانی بردوە، لە بەر ئەوە بووە، بە کوردی شیعری نەوتووە، بەلام نوسەر و لێکۆڵەری بەرێز کاک حەمەباقی لای وایە، توانجی نالی لە مەستورە، لە بەر دژی و دوژمنایەتی سیاسی نێوان ئەمیرانی بابان و ئەردەلان بووە. چون نالی دەنگی بەرزو تەرزی ئەمیرانی بابان و مەستورەش شەرەف و ناموس و دەنگی زولاڵی ئەمیرانی ئەردەلان بووە. سالم سنەیی دۆستی نالیش، هێرشی کردۆتە سەر حوکومەتی ئەردەلان دیارە یەکێ دیکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، حەکیم مەولەوی کوردە، کە شاعیری سەر بە حوکومەتی ئەردەلان بووە وئەو قسە دەکرێ کە نالی لە یەکێ لە غەزەلەکانیدا هۆنەیەکی هەیە، کە لەوا سوخورمەی لە حەکیم مەولەوی کورد، وەشاندوە کە دەڵێ:

شکاری وەحشیان بەس دەسەمۆکەن		نەوەک بەربێ شکاری خانەزاتان

لەوە دەچێ کە مەولەوی فرەلە ئەحمەد شای بابان نیزێک بوبێتەوەو نالی لەوە، دلمەندبووە، یا نالی داویە بە گۆی بابانە کانداو مەبەستی مەستورە خانم بووە، نەک مەولەوی، چون کاتێ مەستورە لە ئاخری عومریدا، چۆتە سلێمانی لە لایەن بابانە نەکانەوە پێشوازی لێکراوەو رێزی لێ گیراوەو نالی لەوە دلمەند بووە، (بروانن و تاری کاک حەکیم مەلا صالح، ژیاننامە، خزمەتی عبلمی، مەستورە خانمی کوردستانی ئەنجومەنی ئاساری مەفاخری فەرهەنگی، چاپی ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی تاران). - عەللامە و پرزانا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار لەبن واتای ئەو شیعرەدا (شکاری وەحشیان... فەرمویەتی: نەزانینی هۆی دانانی ئەم پارچە شیعرە، جێی داخە، لەم هۆنەدا، دیارە لە دەسەلاتدارانی دۆستی، بە گلە بووە کە بێگانەیان بە سەریا، تەرجیح داوە و نالیش بەدلشکاوی بەجێی هێشتون، بەلام نالی دلی

Dr.Saleh Ebrahimi



هەر لەلایان بووە و دڵی پڕبووە و تکای لێ کردون:

ئەوەند ئەرجو دەکا «نالی» کە جار جار     بکەن یادی موحیبی، بێ ریا، تان

(بڕوانە دیوانی نالی ـ بەلێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی عەللامەی و پڕزانا مامۆستا مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار، ئوفسێتی سالی ١٣٦٤ هەتاوی بلاوکی صەلاحەدین ئەییوبی، ورمێ.

### نوسخەی خەتی

١ ـ نوسخەی خەتی بەنێوی مەستورە کوردستانی کە لە یەکێ لە کتیبخانەکانی گەورەی لەندەن بەخەتی میرزا عەلی ئەکبەر، روداوە نوس بە ناوی «بریتیش لایبریری» کە ئەوانە بە دوای شیعری مەستورەوە، ویڵن لەو نوسخەکەڵک وەردەگرن.

٢ ـ نوسخەیێ تریش بە ناوی تاریخی ئەکراد، هەیە کە ناوێ گشتیە بۆ شەرەفنامە، یا تاریخی خوسرەوکوڕی محەمەدخانی ئەردەلان و تاریخی ئەردەلانی مەستورەی کوردستانی و کتێبی خەتی مەستورە لەو کیتبخانە، بە ژمارەی ١۴١٠٨ ـ OR کە ٣٣٦ پەڕەیە، هەیە.

مەستورە ـ ٨ هەزار هۆنە و شیعری بووەو ٢٠٠ دانەی بە دستوری ئیبراهیمخان نیزام دەولە، میرزا عەلی ئەکبەر ـ ی، ئاموزای مەستورە، لیێ هەلبژاردوە و بەداخەوە، ئاماژەی بەشیعری کوردی مەستورە، نەکردوە. پەرەی ١۴۵ و ١۴٦ ژیاننامە، خزمەتی عیلمی و فەرهەنگی مەستورەی کوردستانی چاپی ١٣٨۵ تاران.

□ مەستورە خانم بێجگە لەو خزمەتە فەرهەنگیانەش، لەخەت خۆشی، نوسینی جوان، لە کاری کاپانی، چێشت لێنان، خەیاتی، گوڵدوزی، بەرە و قاڵی چنین و نەخش و نیگارو... فرە کاراولە کارزان و دەس رەنگین بووە، لەوە دەچێ مەستورەخانم لە پڕزاناو قوتبولئەقتاب مەلا عەبباس شێخی ئیسلام خەت خۆشی فیربوبێ (حەدیقەی ئەمانەللاهی میرزا عەبدوللا مونشی پەرەی ٤٣٦).

Dr.Saleh Ebrahimi



مەستورە خانم لە سەعدی، هاتفی ئیسفەهانی، هومام و سائیبی تەوریزی و حافز لە شیعری فارسیدا شوێنی وەرگرتووە ولە خەفەتی کەیخوسرەوخانی ناکامی مێردی کەبە نەخۆشی تاعون لە ١٢٥٠ مانگیدا مردوە، هەروەکو حافز نالاندویەتی، بەلام مەستورە خانم بە کوردی هەورامی لاواندویەتەوە و لۆراندویەتی.

**گەردونی گەردان**

حەیف نیەن چون تو، هیچ شەهبازی
شوخ مەهوەشی، ئالودەی نازی
یەک جیهەت جە عەیش عیشرەت جیا بو
پەیوەستە ئە وقات، بەرگش سیا بو
جەهانی یەکسەر ج غەم مەشعوفەن
خورشیدی چون تو دایم کسوفەن
هیچ رەنگی نییەن جە مەستوورەوە
زینەت ها بە رەنگ سپی و سوورەوە
ئەر سەد مولەققەب بە مەستوورەنی
تو زیبای دیبای سپی و سوورەنی

بپوشو دیبای زیبا بە قامەت
تا پەی قامەتت، خیزو قیامەت

یا ئەم شیعرەکە پروتەژی یە لە نوکتەی ورد و جوان وگرینگ لە بابەت ژیانی مەستورە خانم کوردستانی.

Dr.Saleh Ebrahimi



## حەیف نیەن

سـپهر کـەچ گـەرد، سـپهر کـەچ گـەرد
داد جـە دەست تـو سـپهر کـەچ گـەرد
مـایۀ عـەیش کـیت وە تـاراج نـەبەرد
مـەجلیس شـادی کـیت بـەتال نـەکـەرد
دلۀ کـیت جـە غـەم تـو نـەکـەرد ناشاد
خـــەزانـــۀ ســووکی نـەدای وەبـاد
نەونە هـال عـومر، کـی نـەکـەردی پـەی
وەیانەی کام کـەس تـو نـە دوسـتی وەی
جـە نـەخل وجـوود نـەورەس نـەهالان
کام مەردی وە جـەور نـەکـەردی تـالان
هەرکو جـوانی سـاحیب تـەخت و تـاج
کولباغچەی عومرش تـو کـەردی تـاراج
خوسووسەن خەسرەو شای کە مـەر لالم
مـــایەی ئـــیقتیدار عـــومر و ئـیقبالم
ســـەروەر خـــاتر غـــەمگین ریشـــم
نەیاگەی گشت کـەس بـیگانە و خـویشم
جە راگەی جەفا و مەکر و حـیلە و فـەن
نـەخل جـووانـیش کـەردی ریشـە کـن
نـە سـەرای تـاریک کـەردی دسـتاخش
بـەردی وە غـارەت شـادی و دەمـاخش
بدیە جەفای تـو گـەردوون تـا چـەندەن؟
هەزاری چـون مـن بـیساحیب مـەندەن
سـاتویچ ویـنەی مـن دەروون سیابای
بیبەهرە، بیعەیش، هـەر نـە عـەزابای

Dr.Saleh Ebrahimi



ماموّستا مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار لە پەرەی ٦٠ شەرح، لە سەردیوانی نالی نوسیویەتی: **گیوی موکوریانی** نوسیویە: ماهشەرەفخانم کوردستانی کە یەکێ بووە لە ویژەوان و بویژە هەرە پایە بەرزەکانی کوردی سنەو خێوی دیوانەو لەوانەشە، خەلّکی تاریفیان کردبێ و نالی پێی خۆش نە بوبێ و لە بەر خۆ پەسەندی پەردەی **ئابڕوی مەستورەی** دڕیوە، لەم قەسیدەدا کە دەلّێ: مەستورە کە حەسناو وئەدیبە بەحیسابێ...،

□ دوای ١۴ سالّ نوسینەکانی **ماموّستاگیوی موکوریانی**، ماموّستا محەمەد ئەمین **کاردۆخیش** نوسیویەتی: تاقەژنێکی شاعیرەمان بە ناوی مەستورە هەبووە، کەچی نالی شاعیری هاوچەرخی، خەوی پێوەدیوە و بە هەلّبەستێکی دورو درێژ **شکاندویەتی.** ماموّستا **مەلاکەریم موریس ئەوگلەوگازندانە بەهێرشی نابەجێ بۆسەر نالی دادەنێ** (پەرەی ٦٨ هەرئەوێ) ولە پاشان فەرمویەتی: «شیعرزادەی هەست و خەیالّی زاتی‌و تاقی کردنەوە یەکی ناو خۆی شاعرە، بەرهەمی رۆژو دۆخێکی تایبەتی‌یە، **باوەڕنا کەم کەس مافی ئەوەی ببێ** رێگای دەربڕینی (هەست) لەکەس بگرێ. شیعر بروسکەیەکە، لەمێشکەوە، سەرچاوە دەگرێ، هەستێکە دەرونی شاعیر، پروتەژی دەکاو لە نوکی قەلّەمەکە یەوە، سەر ئەکاو ئەرژێتە خوارێ، شیعر، کارێکی ئەفسوناوی یەو ئەو کارگەریەش کە ئەیکاتە نێودلّ و دەرونی خەلّک، هەر لەو بابەتەیە. هەر بۆیێ تەنانەت پێغەمبەریش (د ـ خ) فەرمویەتی: «ان من الشعر لحکمة و ان من البیان لسحراً»: بەراستی هەندێ هۆنە پەندی زۆر بەرزەو هەندێ رەوان بێژیش ئەفسون و جادو ئەکەن، هەر لە بەر ئەوەیشە، **پێشینان وتویانە: هەر شاعیرێک شەیتانێکی تایبەتی هەیە،** جاکەی سەری لێبدا شیعری بۆدێ! جا هەر لەبەر ئەوەیە، شیعر کە بوبە دەسمایەی ژیان‌و پلەو پایە، هەر چەندە جوانیش بێ، هەر بێ تام و بێ خۆی ئەبێ.

**ماموّستا مەلاکەریم** دەفەرمێ: «من لەوەی کەنالی ئەو شیعرانەی لە بابەت

Dr.Saleh Ebrahimi



مەستورەوە، داناوە، نە گلەم هەیەو نە ئەگەر مەستورەش وەلامێ لەوە تەرتر بە تالی بدایەتەوە،گازندەم دە کرد. هەروا مامۆستا مەلا کەریم فەرمویەتی: «بەبیروورای من ئەبێ بە چاوێ رێزلیگرتن و قەدر زانینەوە، تەماشای ئەو قەسیدەی نالی بکرێ، چونکا ئەوە ئەدەبی رو هەڵ ماڵراوی کوردی یە، کە تائێستاداب و نەریتی کۆمەلایەتی، نەی هێشتووە، لە وێژە و وێژەوانی کوردی دا جێێ خۆی بکاتەوە، ئەو شیعرانەی نالی بیرێ تازە و نوێیە و فرە بە قەدر و قیمەتە، **کەنالی خستویە تە سەرگەنجینەی ئەدەبی کوردی. ئەمە بیرورای عەللامەو زانایە کی موجتەهیدی دینی کوردە بەناوی حەزرەتی مامۆستا مەلاکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار**، کەچەن مرۆیانە و خواپە سەندانە، بە ئاشکراو بوێرانە، بیرو رای خۆی لە بابەت ئەدەبی سێکسەوە دەر **بڕیوەو فتوای بەر حەقی داوە.** ئەو بیرو باوەڕە، خواو مرۆ پەسەندەیە، کە کورد هەیەتی من (: شەپۆل) و توومە کە ئەگەر تورکی عوسمانی و قاجار و صەفەوی لە ئێران و عەرەبی وەك صەدام کوردیان دانەپلۆسیبانەتەوەی کورد بەرقی کەشف دە کردو بە عیلم و زانین دنیای پڕدە کرد لە نورو مەعریفەت و ئازادی و شادی و خۆشیو بە رامبەری بۆ بەرەی مرۆ دابین دە کرد، چونکا، نەتەوەی کورد، ئازادیخوازو بە رامبەر خوازوگەلێ شادەو شادی ویستە، مامۆستای دینی کورد، لەرە گەزی خەلکی تر، روناکترەو کورد بە تێکرا بیرورد ترومڕ ۆ، وانەتر بیردە کەنەوە وتێ دەفکرن. ـ مامۆستا مەلا کەریم هەروا فەرمویەتی ناکرێ ئەم شیعرانەی نالی بە هەجو دابنرێ چونکا بەتێکڕا پیا هەڵ و تن بە شان و شکۆ دارێژراوە، لە دیمەنێکی بە دنێو کردنو ئابڕو بردنیش بێ بەش نیە. بەلام چون هۆی دانانی ئەو قەسیدە نادیارە و بە لگەیێ رون بۆهۆی دانانی بە دەسەوە نیە، ئە گونجێ لە بەرامەستور هەر نەبێ لای ئەم و ئەو نالی بەر پلار دابێو نالیش وەلامی دابێتەوە، لە نێو شاعران شەڕە قسە هەربووە، بۆوێنە شەڕە جنێوی فەرەزدەق و جەریر کە هەردوکیان لە خێلی بەنی تەمیمن (بڕواننە د ـ شەوقی زەیف، تاریخی ئەدەبی عەرەبی، عەسری ئسلامی

Dr.Saleh Ebrahimi



قاهیره، چاپی ٢، بێ تاریخ پەڕەی ٢٤٢ و ٢٤٧ و پەڕەی ٧٠ دیوانی نالی، شەرحی ماموّستا مەلا کەریم). رەهی موعەییری کوردی کرماشان، بە توانج و تەشەر بە شیعر بە مـریەم فـیروز ـ ی فـەرمافەرما شـازادەی کـمونیستی ژنـی‌کیانوری کـوڕەئـاخوندی کمونیست، بە شیعر و هۆنە بەو خانمەی وتووە:

مریما! از چـه بـرافـراشـتەای پـرچـمِ سـرخ

تو کە چندین دل خون گشتە بە دامن داری

بروانە پەڕەی ٢٢٩ کتێبی ئەدەبیاتی مەعاسری ئێران، سەید حەسەن ئەمین چـاپی ١٣٨٤ هەتاوی **تاران**.

عەللامە، **ماموّستا** مەلا کەریم دەفەرمێ: زۆربـەی **واژە، بە توێکڵە کانی نالی** ئـەوە، ئەگەیەنن کە مەستو**رە لە**و کاتەدا شوی نەکرد بێ وەکو ئەمانە: عوقدەم هەیە، هێی‌توّم، ئەم مەسەلە حەلکەی، بیکر، مومکین نیە کەس دەخڵی‌بکا، میسلی سوهابێ نـەسوابێ. دوری سەمابێ نەسمابێ، نەقوپابێ، ئاوی نەدرابێ، تەلیسمی نەشکابێ، هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاسی نەدرابێ، ئیکسیری تەلای ئەحمەری چەن قـەترە لە لابێ، دە عـوای ئومەرا چەند لە سەر تەختی کرابێ، چەند خوێنی رژابێت‌و چ خـوێنی نـەڕژابێ و...؛ ئەوانە وهی دیکەیش وا دەردەخەن کە مەستورەشوی نەکردبێ، **بەڵام لە بەشی وەڵامە کەیدا ئەم شیعرە هەیە** کە بە بارێکدا واتای شوکردنی مەستورە دەگەیەنێ

شـەو نـائیم و قـائیم عـەلەمی بـابی رەزابێ

بێ دیدە هەڵستێ بە مەسەل عەینی عەسا بێ

بابی رەزا، **واتای** درگای قەناعەت: رەزا بە مەوجود، ئەگە یەنێ، واتای (باوکی رەزا قولیخان) یش دە**گە**یەنێ، کە کوڕی کەیخەسرەوخانی ناکام بووە لە حوسن جیهان کچی فەتالیشای قاجار، یانی چاری ئەم مەسەلەیە، بەدیوانەیەک ئەکرێ، شەو لە خەویشدا بە پێوە بێ و ئاڵای **ماڵی** باوکی رەزا قولیخان بێ! ئەگەر ئەم بارە، رەوا بێ، کۆکردنەوەی

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوی مەستورە، لەگەڵ رەزا دا، ئەوە ئەگەیەنێ کە مەستورەخانم کوردستانی لەو سەردەمەدا، ژنی کەیخەسرەو خانی ناکام بووە.[(١)]

---

١.**بریا ماموستاو زاناو مەلادینی یەکانی کورد**، وەك مامۆستا مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار بیریان بکردایە تەوە. ـ چونکا قورئان دەفەرمێی: یا یَحی خُذِ الْکِتابَ بِقُوَّةٍ، أی خذالتوراة بقوّة القلب ـ ئایەتی ١٢ سورەی مەریەم ـ ئەم ئایەتە شەریفە، بە ئاشکرا پێمان دەڵێ: هەر وەکو یەحیا پێغەمبەر کتێبی پێغەمبەری پێشینی خۆی بە دەستوری خوا، گرتووە بە دەسەوە و بە زمانی خۆی بۆ خەڵکەکەی واتاو بەیان کردوە، **زانادینی یەکانی کوردەواریش**، بە پێی ئەوئایەتەو ئایەتی ٣٦ی سورەی نەحل کەخوادە فەرمێ: (ولقدبعثنا فی‌کل أُمّة رسولا... و هەروا بەپێی ئایەتی ٤٧ سورەی یونس (لِکلٍّ أُمَّةٍ رَسُولٍ): یانی بۆ هەرئۆمەتێ پێغەمبەرێکمان ناردوەو هەروا، بۆ هەر ئۆمەتێ رەسولێ هەیە ـ دیارە أُمَّة بەواتای مِلَّة ـ ەمِلَّة ابراهیم حنیفاً، بەم پیێیە، ئۆمەت، بەواتای میللەتەو کوردیش لە باتیان: نەتەوە و گەل، بە کاردێتێ. یا ئایەتی ٤ سورەی ئیبراهیم: (وَ مٰا أَرْسَلْنا من رسولٍ اِلاّ بلسانِ قومِهِ) یانی هەر پێغەمبەرێکمان بە زمانی خێڵ و هۆزە کەی بۆ ناردون. مامۆستا دینی یەکان، بەپێی واتای ئەو ئایەتانە، دەتوانن قورئانی کەریم بە زمانی کوردی بۆ خەڵك واتا و بەیان بکەن پێغەمبەر (د ـ خ) فەرمویەتی: «تَفَکُّرُ ساعةٍ خیرٌ من عبادةِ سَنَةٍ» یانی خولە کێ: بیرکردنەوە خێری لە عیبادەتی ساڵێ پترە. با بیر بکەینەوە کە خوا فەرمویەتی: أَفَتُؤمِنون ببعضِ الکِتٰبِ و تَکْفُرونَ بِبعضٍ سورەی بەقەرە ئایەتی ٨٥) یانی ئایا بڕواتان بە هەندێ ئایەتی قورئان هەیە و بڕواتان بە هەندێ‌تری نییە؟ ئەم ئایەتە پێمان دەڵێ: ئەگەر ئێمەلامان وا بێ، ئەگەر بە زمانی کوردی عیبادەت بکەین و لەبەر خوا بپارێینەوە، ئەلعەبازوبیلا، خوا لێمان حاڵی نابێ و ئەبێ بە عەرەبی بێ، کوفرە چونکا خوا عالم و زانا بە دڵ و دەرونی هەمو کەسێکە (إِنَّ الله علیم بذات الصدور ـ سورەی لوقمان ئایەتی ٢٣). جاهەر لەبەر ئەوەی خەڵکە کە،باش و باشتر لەواتای قورئان بگەن، لەسەر **زانایانی دینی کورد، واجبە**، بە رۆحی ئەو ئایەتانە، عەمەل بکەن‌و بە ئاشکرا، لە حوکومەتی عەرەب و تورك و ئێران، داوا بکەن، نابێ لە خوێندن و بە کار هێنانی زمانی کوردی بەرگیری بکەن، چون‌خوا لە ئایەتی ٢٢ سورەی رۆمدا فەرمویە: «و من ءآیٰتِهِ خلق السموات و الارٔض و اختلٰفُ أَلْسِنَتِکُمْ وَ أَلوانِکم...»

←

Dr.Saleh Ebrahimi



→ یانی دروست کردنی گۆی ئاسمانەکان و گۆی زەوی و جیاوازبونی زمانەکانتانو ڕەنگەکانتان لە ئایەت و نیشانەکانی خودان،بۆ ئەو کەسانەی‌وا عالم و زانان) هەروەکو دەبینن‌و دەزانین خودا لەم ئایەتەدا، زمانی لەریزی گۆی ئاسمان و گوی‌زەوی و ڕوژو شەوو ڕەنگەکانی مرۆ داناوە و بە ئایەتێك و نیشانەگەلی خۆی ژماردوە، مەفهوم و واتاکەی ئەمەیە: کە قەبوڵ نەکردن و بایەخ نەدان، بە زمانان، هەروەك قەبوڵ نەکردن و بایەخ نەدان، بەدروست کردنی گۆی ئاسمان و گۆی زەوی و شەوو ڕۆژ و گۆڕانی شەوو ڕۆژ، وایە، ئاخرەکەی یانی: قەبوڵ نەکردنی ئایەت و نیشانەگەلی خواو ئینکاری بە دیهیات، ئەم ئایەتە بە ئاشکرا، رادەگەیێنێ، هەر کەسێ ئینکاری زمانی کوردی بکا وەك ئینکاری بەدیهیاتی کرد بێ وایە و ئینکاری‌بەدیهیاتیش، سەر لەکوفر، دەساوێ. **ماموستا ئایینی یەکانی کوردستان** لەسەریان پێویستە، لەکاتی پەندو مەو عیزەو لەکاتی نوێژی هەینی، ئەوە بۆ خەلْك واتاو بەیان بکەن و بە خەلکی بلێین خوا زمانی کوردی و زمانی ئینگلیسی و روسی و فەرانسەوی وگشت زمانەکانی دنیا دەزانێ ولیان حالی دەبێ.

هەروا لە سەر ماموستا دینی یەکانی کورد، واجبە ڕوحی ئەم ئایەنانەش بۆ خەلْك واتاو بەیان بکەن کەخوا دەلێ: و ماکان لمؤمنٍ أَنْ یَقتَل مؤمناً - ئایەتی ۹۲ سورەی نیسا - یانی بڕوادار مافی ئەوەی نیە بڕواداریێ بکوژێ - هەروا خوا دەفەرمێ من قَتَلَ نفساً بغیرِ نفسٍ أو فسادٍ فی الارضِ فکأنّما قتلَ الناسَ جمیعاً - ئایەتی ۳۲ سورەی مائدە یانی هەرکەسێ چ عەرەب، تورك، ئیرانیان کە خویان بە بڕوادار دەزانن، دیارە، نەتەوەی کوردیش، بڕوا دارە، نابێ کورد بکوژن و خوادەفەرمێ (اِنَّما المؤمنون اخوة فَأَصْلِحُوا بَینَ أخویکم / سورەی حوجورات ئایەتی ۱۰ - یانی بڕواداران بران، ئیوە ئاشتی‌و صولح لە نێوان براکانتان‌ساز بدەن. هەروا دەفەرمێ: - و ان طائفتانِ من المؤمین اقتتلوا فاصلحوا بینهما سورەی حوجورات ئایەتی ۹. یانی بڕوا داران (خوشك‌و) بران، هەروەختێ ۲ تایفە، ۲ ڕەگەز لە بڕواداران پێکەوە بە شەرهاتن و دەسیان دایە کوشتنی یەکترین، ئیوەی بڕواداران ئاشتیان بکە نەوە و مەیەلن شەڕبکەن و یەکتر، بکوژن. دەی با ماموستا دینی‌یەکانی کوردستان لە **سەر میمبەری پیغەمبەر، هاوار بکەن**، بڕوادارانی عەرەب و عەجەم بانك بکەن تابێن بە هاواری ئەوکوشت و کوشتارەوە و نەلێن کەس بە قسەمان

←

Dr.Saleh Ebrahimi



**مەستورەخانم** کوردستانی، بە شیعر و هۆنە خۆی، بەمجۆرە دەناسێنێ کە دەڵێ:

تا در مقام صدق و صفا پاگذاشتم پایی بە فراق عالم بالاگذاشتم

برتافتیم از همە عالَم رخ نیاز حاجات خویش را بە خُدا واگذاشتم.

ماه شەرەفخانم پڕبیروهۆش و زاناو هوشیار ولێهاتوو تاریخ زانو تاریخ نوس کە تاریخ ـ ی ئەکراد ـ ی بە فارسی نووسیوە. **شاعیرێ کوردێ، بێژو پارسی بێژ بووەو** لە ساڵی ۱۲۲۰ مانگی و ۱۸۰۵ ز ـ لە شاری زانین و فەرهەنگ و هونەرو ئەدەب پەروەری سنەی کوردستان لە دایک بووە.

لە تەمەنی ۲۴ ساڵەدا، ساڵی ۱۲۴۴ مانگی و ۱۸۲۸ ـ ۱۸۲۹ز ـ شوی بە خوسرەوخان، کوڕی ئەمانەللاخان حاکمی کوردستان کردوە و ئەم شوکردنە، باری **سیاسی بووە**، بەڵام حوسن جیهان خانم (: والیە) کچی فەتحعەلیشا قاجار و ژنی ئەوەڵی خوسرەوخان، کە دەهەیێ حوکومەتی کوردستانی بە دەس بووە و ئافرەتێ نەترس و سیاسەتزان بووە، هەمیشە حەسودی بە مەستورە، دەبردونەی دەویست ئافرەتێ وەک **مەستورە خۆش سیما و لەکارزان و زانا**، لە کەناری خوسرەوخانی مێردیدا، ببینێ، حەسودی ژنانەی والیە دوای مردنی خوسرەوخان لە ۱۲۵۰ مانگیدا. فرەترخۆی نیشاندا و بە هێرش هێنانی حوکومەت و گرتنی ڕەزا قولیخان کوڕی خوسرەوخان، **بنەماڵەی ئەردەلان و قادری، بە ناچار، پەنایان بردەلای میرانی بابان لە سلێمانی و**

---

← ناکەن، لە سەرئەوان ڕاگەیاندن و هاوارکردنەو لەسەر خوایش پێی بیساندن و حاڵی کردنە و ماموٚستا دینی‌یەکان لانی کەم لەم ڕێگای هاوارکردنانە، دەنگی مەزلومی کورد و کوردستان بەخەڵکی عەرەب، تورک و نەتەوەکانی ئێران و بە دنیا، دەگەدێنن و ئەمەیش یەکێ لەو ڕێگایانە یە، تائاوێ بەو ئاورەدابکرێ ولەوە زیاتر ڕێگا لە ئازادی کورد و کوردستان، نەگرن تا نەتەوەی کورد لەو کوشتارە بێڕەحم و بێ بەزەییانە. ڕزگاریان ببێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەستورەخانم لە ١٢٦٣ مانگی لەگەڵ مامیدا: میرزا عەبدوڵلای رەونەق چوونە شاری سلێمانی و لە کلکەی ئەو ساڵەدا، نە خۆش کەوت و لە مانگی موحەڕەمی ١٢٦٤ مانگی و ١٨٤٧ ز ـ لە ٤٤ ساڵیدا، مەستورە، بە نەخۆشی تاعون وەفاتی کرد و **لەگردی سەیوان**، لە نیزیک شاری سلێمانی بەخاکیان سپارد. ساڵی ١٢٥٠ تاڵترین ساڵ بۆ مەستورەخانم بووە کە خوسرەو خانی ناکامی مێردی لەو ساڵەدا مردوە و مەستورەی بە بێوەژنی بە جێی هێشتووە.

مەستورەخانم ئافرەتی زانا؛ واقیع‌گرا، دڵی بە دنیا نەدابوو، دنیای بە سپڵە پەروەر دەزانی، **ئەویندار، عیلم و هونەر بوو**، زیاتر لە ٢٠ هەزار هۆنەی بە کوردی و پارسی داناوە، کە حاجی شیخ یەحیامەعریفەت کوردستانی پارسی یەکانی لە چاپ داوە و شعرە **کوردی یەکانی پشت‌گوێ خستووە.** نوکتە **ئەمیر شەرەفخان** (١٠١٣ ـ ٩٥٠ مانگی و ١٦٠۴ ـ ١٥۴١ز)، شەرەفنامەی بە فارسی لە ساڵی ١٠٠٥ مانگی‌دا نووسیووە و تاریخ نوسانی کورد، وەک چاولێکەری چاویان لەوزاتە زانا دڵسۆزە کوردە کردوە، (خۆزیا ئەمیر شەرەفخان شەرەفنامەی بەزمانی کوردی نوسیبا تا لە ساڵی ١٠٠٥ مانگی‌یەوە، مەبەستمان بە زمانی کوردی فرەتر هەبو باو ئەم مێژو نوسانەی وەک مەستورە خانم و... بە کوردی بیان نوسیبا و ئێستا ئێمە زمانە کەمان؛ غەنی‌تردە بوو (شەپۆل)، بۆویە مەلا محەمەد شەریف قازی لە نێوان ساڵانی ١٢١٠ تا ١٢١٥ ـ ١٢١۴ مانگی، زوبدەی تەواریخ ـ ی لە ١٢ وەرزو کژدا بە دەستوری خوسرەوخانی ئەردەڵان نووسیوە. خوسرەو بە گ بن (مەنوچیهر): محەمەد ناودار بە موسەنیف ئەردەڵانیش لوبب تەواریخ ـ ی بەتکای خوسرەوخان ناکام لە ١٢۴٩ نوسیوە و دایناوە، کتێبی لوبب تەواریخ لە راستیدا کلکەی زوبدەی تەواریخە، کە روداوەی مێژویی کوردستان لە مردنی قازی یەوە لە ١٢٢٨ مانگی تا ساڵی ١٢۴٩ی مانگی گرتۆتە بەر. **مەستورە خانم** کە فرەلە مێژوی کوردستان ئاگادار بووە ـ ٢ کتێبخانەی

Dr.Saleh Ebrahimi



گەورەی ئەردەڵانی و قادری کە تەژین بوون لە کتێب و مەستورەش لەنێو رووداوەکاندا بووە، دەسی داوەتە دانانی تاریخی کوردستان و بە دەقێ سادەو رەوان بە زمانی پارسی تا ساڵی ۱۲۵۱ مانگی رووداوەکانی بەرێکی و پێکی و جوانی نووسیوەو دوبارە پیا چۆتەوە و ئەم جارەش تا ساڵی ۱۲۳۶ مانگی تیاگونجاندوەو میرزا عەبدوللا رەونەق، رووداوەی ساڵەکانی دوای مردنی مەستورەی تا ساڵی ۱۲۶۷ مانگی بەوێنەی پاشکۆ، لێی زیاد کردوە، تاریخی نوسراوی مەستورەخانم لە ۱۳۲۵ **هەتاوی بە تێکۆشانی ناصر ئازادپور** لە چاپ دراوە.

مەستورەخانم بە دەقێ شێوا و پتەو، تایخەکەی خۆی بە حەمەدو پەسنی خوای بێ‌لف‌وبێ هاوتا دەس پێ دەکاو هەر لە سەرە تاوە. وزەو دەسەڵاتی خۆی لە نوسینی دەقێ پڕوچڕ بە شیاوی نیشانیداوە کە دەڵێ:

حمد و سپاس، خدایی را سزا است کە نزاد و نمیرد، باقی است و فنا نمی‌پذیرد، خلّاقی کە در پاکی ذاتش بی‌همتا است، رزّاقی کە در جمیع صفات یگانە و تەنها است؛... درودِ بی‌قیاس بر نخستین نتیجەی قلمِ قدرت، دودەی دودمان رسالت، باعث ایجاد کونین و شهسوارِ عرصەی ثقلین؛ جنابی کە اگر منظور از وجود او نبودی هیچ وجودی موجود نگشتی...؛

مەستورەخانم هۆی دەس دانە نووسینی تاریخی کورد، بە ناوی تاریخی ئەکراد، یا تاریخی ئەردەڵان، ئاوا باس دەکاو دەڵێ؛ فرەحەزم لە خوێندنەوەی کتێب بوو، تا رۆژێ چاوم بە مێژوی کوردان، کەوت و دوای خوێندنەوە و ورد بوونە، زانیم، مێژوی کوردستان ناتەواو ماوەو بە پێویستم زانی، ئەوانەی، ماون و نە نووسراون، بە وردی بەیانی بکەم و بیان نووسم و بە ناوی تاریخ ـ ی ئەکراد، بیخەمە بەردەس کورد و کوردستانیان. مەستورە خانم لە کتێبی مەجمە عولئودەبا، **فرەبەقەدرو رێزەوە قسەی لە مەولانا خالید شارەزوری** نوسخەی نابیغە و نوسخەی جامیعە، کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ساڵی ١٩٩٠ ز ـ ئوگینا واسیلی ئانا، ئەم تاریخەی بەروسی تەرجەمە کردوە و سەرەتایێ دورو درێژی لە سەر نووسیوە، لە بابەت ژیانی مەستورە و تەرجەمەی یەکسەد شیعر، کە وتویەتی: بۆیێ ئەوکارەم کردوە، تا خوێنەرانی روس زمان، بەپلە و پایەی زانستو ئەدەبی ئەو ناسیاوبن.

مەستورە خانم بێجگە لە تاریخ ـ ی ئەکراد، مەجمەعولئودەباو سی پارەیەکیشی لە **ئەقیدەو شەریعەتدا،** لە ساڵی ١٢٥٥ تا ١٣٦٢ مانگی، نووسیوە ولە سەر چاوەێی فرە گرینگی فیقهی کەڵکی وەرگربووە، وەک کتێبی توحفەی کوڕی حەجەر، کتێبی وزوحی عەللامە، مەلا ئەبوبەکر موسەنیف چۆڕی و کتێبی نیهایەی رەمەلی، ئەوەش خۆی دەسەڵاتی مەستورە خانم لە زانایی، زانینەکانی ئیسلامی نیشان‌دەدا، ئەو خاتونە هەروا، ئاگای لە فیقهی حەنەفی هەبووە و **لە بەشی کەلامی** ئەو کتێبە دینی‌یە کە نوسیویەتی، لەکتێبەکەلامی یەکانی وەک: وەسیلەو ئەقیدەی مەرزیەی **حەکیم مەولەوی کورد،** کەڵکی وەرگرتووە، ئەوەیە کە ئەوسی پارەدینی‌یە، ئەبێ ناوی بنێن **ئەقیدە و ئەحکام.** ئەم سی‌پارە دوکتور عەبدوڵلا مەردوخ بە ناوی عەقاید (لە سوئێد) لە ساڵی ١٩٩٨ ز ـ لە چاپی داوە، کە نیشانەی ئاگاداریو و ردو قووڵی مەستورەخانمە لە مەبەستی شەرعی و دینی. وعیلمی کەلام؛ مرۆ بە خوێندنەوەی ئەم سی‌پارە، پەی بە **کەسایەتی ئاینی ئەم خاتونە دەباکە چەندە لە شەریعەتدا زاناو لەکارزان و پڕ** عیلم بووە.

بەڵام بە داخەوە، هەم مێژووەکەی و هەم شەریعەتەی‌کەی بە پارسی نوسیوە کە دە کرا بە کوردی بیان نوسێ. ـ **کتێبی ئەقیدە و ئەحکام** لە **٣** باب دایە، لە بابی یەکەم دا لە بابەت ئەقیدەو ئوصولی‌دین لە روانگای ئیمام شافیعی یەوە و هەروا بە مەبەستی ئیمامەت لە مەزهەبی جەعفەری قسەی کردوە. لە بابی **٢** دا لە بابەت فروعی‌دین لە **٣** وەرزو کژدا قسەی کردوە. کژی ١ لە بابەت تەهارەت ـ کژی ٢ لە بابەت شەرت و شروتی دەسنوێژ ـ کژی ٣ لە بابەت ئەرکانی نوێژ، دایە لە بابەت حوکمی دەنویژ لە بیرو باوەری **ئیمام محەمەد غەزالی و شیخی بەهائی** کەڵکی‌وەرگرتووە. دیارە لە بابەت رۆژو، زەکات،

Dr.Saleh Ebrahimi



حەج، جیهاد، غوسل، غوسڵی مردو، چونی ژنان بۆ حەج و ئەو مەبەستانەی بۆژنن فرە جوان قسەی کردوە و لە بابەت زەکات لە بیروڕای مەلا **ئەبوبەکر موسەنیف** چۆری بە تایبەت، لە بابەت زەکات دان لە بابەت (تو) کە زەکاتی لێ دەکەوێ بە ئاشکرا دیارە، کەڵکی وەرگرتووە.

**مەستورە خانم نادرەی دەوران و خۆش‌خەت بـووەو** خـەتی نـەستەعلیق، نـەسخ، سولس، ریقاع و شکەستە، وەستاو بە قسەی میرزا عەبدوللا ڕەونەق خێوی حەدیقەی ئەمانەللاهی لە خۆش نووسیندا، مامۆستا بووە

ای گشته مَثَل به خوش نویسی ز نخست　　مـفتاح خـزایـنِ هـنر، خـامەی تست
نـاکـرده خـدا لوح و قـلم را بـنیاد　　نـنوشته کسی شکسته را چون تو درست

**میرزا عەلی ئەکبەر**، ئامۆزای مەستورە خانم، مەستورەی لە خۆشخەتی دا بە **میرعیماد قەزوینی** و لە پەخشان نووسیدا، بە **کوری عوبباد**، ناو بردوە. مـەستورەخانم ژنێ زانـا، پاکداوێن، شەرعزان، مێژوزان، خوو ئاکارچاک، هەروەکو خۆیشی بە شیعر دەڵێ:

من آن زنم که به مُلکِ عـفاف صـدر گـزینم
ز خـیل پـردگیان، نـیست در زمـانه قـرینم
بـه زیـر مـقنعه، مـرا سـری است لایـق افسر
ولی چه سود، که دوران، نموده خوار، چنینم
مرا ز مُلک سلیمان بسی است **ننگ**، همیدون
که هست **کشـور عـفت** هـمه بـه زیـر نگـینم
به مـعشر نسـوان، مـرسپاس و حـمد خُـدا را
همی سزد کـه بگـویم مـنم کـه **فـخر زمـینم**

(دیوانی مەستورە پەڕەی ١٢٨)

بێ گومان ناوی ماه شەرەفخانم ناودار بە کوردستانی، لە مێژوی ویژە و ویژەوانی **ئێران وکوردستاندا هەمیشە، دەدرەو شیتەوە و تیشکو تریژ دەهـاوێـژێ** و بـە قسـەی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئۆگیناواسیلی ئافا، لە نێو خێڵەکانی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی نافین و نێزیک ژنێ‌تر، هەروەک مەستوره کە هەم شاعیرێ بە تواناو هەم مێژوزان و مێژونوسێ بە دەسەڵات، بێ، سەری هەڵنەداوە. **بەراستی لە سەدەی نۆزدەدا ژنێ روناک بیری وەکو مەستوره**، لە دایک نەبووە و بە قسەی **کاک ئەییوب گازەرانی**: «مەستوره خانم کوردستانی لە بەر لایەن و باری سیاسی، عیلمی، ئەدەبی، فیقهی و هونەری یەکەی، لەکەسایەتی‌یە؛ مەتره **حەکانی یەکەمی سەدەی نوزدەیە**، لە کوردستان‌دا، لە بەشی ڕۆژ هەڵاتی کوردەواریدا. (بڕوانه و تاری جیێ نشینی ئەنجومەنی ئاسار و مەفاخیری فەرهەنگی ئێران، محەمەد **رەزا نەسیری**، بە فارسی لەسەر ژیان و خزمەتەکانی عیلمی و فەرهەنگی شاعیری تاریخ‌زانی ناوداری کورد، مەستوره خانمی کوردستانی: ماهشەرەف، تاران، خەرمانانی ساڵی ۱۳۸۵).

مێژو نووسانی شیعرو ئەدەبی کوردی، **لایان‌وایە** یەکەمین شیعرو هۆنە بێژی کورد، **پیرشالیاری یەکەم** رابەری ئاینی زەردەشتی کوری جاماسب ـ ی کوردە، کە کتێبی **ماریفەتو پیر شالیاری داناوە** کە لە سەدەی یەکەمی مانگیدا ژیاوە و شیعرە دەبین‌و دەهەجایەکانی خۆی بە کوردی گۆرانی کۆن، هۆندوٚتەوە، لە بابەت زمان ناسی بن زاری هەورامانی یا گۆرانی کە خۆیی شاخەیەکە، لە زاراوەی زازا ـ گۆران، کە یەکێ لە ۴ زاراوەی بنەرەتی زمانی کوردی‌یە و ۳ زاراوەکەی‌تر بریەتین لە **کورمانجی** ژورو، کورمانجی نافین: سۆرانی و کوردی باشوری: کەڵهوری، لەکی و... لە کۆنەوە شاعیرانی کورد، هەندێ لە هۆنەی خۆیان بە زاراوەی گۆرانی ـ کە زمانی دەقی دینی یارسان (یاری ئەهلی حەق) ە ـ هۆندویانەتەوە، ئەمیرانی ئەردەڵانیش کە دورنیە کە لە سەرە تاوە ئەهلی حەق بوبن (ولە ساڵانی ۱۸۲۰ز ـ والی و بنە ماڵەی ئەردەڵان شیعەگەریان قەبوڵ کردوە، بە تایبەت کە خان ئەحمەدخان لە ئاخری سەدەی شازدە خوشکی شاعەبباسی صەفەوی کوردی خائین بە کوردی، بۆ خۆی مارەکرد، هەرخان ئەحمەدخانیش بووکە رەواندز، عیمادیە، کۆێ‌و حەریری لە سەرەتای دەیەی ۱۶۰۰ ز ـ گرت و بە پاداشی ئەوخزمەتە، بە شاعەبباسی صەفەوی، حوکومەتی کوردستانی پێدرا

Dr.Saleh Ebrahimi



(والیەکانی ئەردەڵان نوسراوی واسیلی نیکیتین پەڕەی ٨٠و ٨٢نەقڵ لە پەڕەی ٨٦و ٩٣ و ١٥٥ ی کتێبێ تاریخی مەعاسر ـ ی کورد، نوسراوی دیوید مەک داوێلی و، تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی چاپی ١٣٨٠ی هەتاوی تاران)، حاکمانی (ئەردەڵان، زاراوەی هەورامانی یان کردوّتە، **زمانی فەرمی و باوی دەربـاری حـوکومەتی خۆیـان،** دیارە والیانی ئەردەڵان لە سەدەی ١٢ و ١٣ی مانگی ڕوّحێ تازەیان بە شیعرو ئەدەبی هەورامانی داوە و پەرەیان فرە پێداوەوکەسانێ وەک: بێسارانی کەلە ١٧٦٠ ز ـ وەفاتی کردوە و هەندێ ١٠٥٢ ـ ١١١٣ ی مانگی و هەندێ دیکە ١٦٥٠ زو ١٧٠٦ ز ـ یان بۆ بێسارانی، نوسیوەو هەندێ دەڵێن لە ١٠٩٠ مانگی ژیاوە)، میرزا شەفیع کولیایی (١٢٣٨ ـ ١١٦٩)، حەکیم مەولەوی کورد (١٣٠٠ ـ ١٢٣٩)، خوسرەوخانی ناکام (١٢٤٩ ـ ١٢٢٠)، مەستورەخانم کوردستانی (١٢٦٤ ـ ١٢٢٠ مانگی)، ڕەزاقولیخان غولامشاخان (١٣٤١ ـ ١٢٨٤)، وەلی دیوانە، خانای قوبادی[1] **لە باسی**

---

١ ـ کەخانای قوبادی **بەزمانی کوردی فەخروشانازی کردوە** و زمانی کوردی بە سەرزمانی پارسیدا، تەرجیع داوە کە فەرمویەتی: هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرەن ـ کوردی جە فارسی **بەڵ شیرین تەرەن**. ـ دیارە بەر لە ئیسلام زمانی کوردی ماد لە فەراغەنەوە (کاشغەر) تاگانا (لە مەدیتەرانەوە تاچین) خەڵکی لەو ناوە ناوە، بە زمانی کوردی ماد، ناسیاو بون، بە تایبەت لە کاتی هێرشی ئیسکەندەردا، زمانی کوردی: گوتی، کۆرتی ، ئۆرارتو، هوری، لولویی، کاسی، سکایی مانئایی، ساسانی نایری، کاردوخ، سوبارۆ، ماداکوری یافیسی کوری نوح پێغەمبەرە کوری خەلدون لەمێژوی بەرپەردا، بادینانی، بەتیرەی بادین کورد، ناو بردوە کە لە جزیرە و عیمادیە حوکومەتیان کردوە. لولو لەتیرەی ئارارات کە ٣٧ سەدە، بەر لە دایک بونی عیسا، کەهێمان دەوڵەتی جەمشید ـ ی کورد، ساز نەدرابو، لە نێوان کرماشانەوە تا بە غدایان بە دەس بووە و لە گەڵ ئارامسین کوری سارگونی شای ئاکادی، شەریان بووە وشکاوە و پاشای کوردان ناوی (ساتون) و دوەمیان (لاسیراب) بووە، ـ ماد، باوی سەرزاری خەڵک بووەو دەرسی پێی خوێندراوە، لە زەمانی زنجیرەی ساسانیان زمانی باو، زمانی ئاوێستایی کوردی بووە و

←

Dr.Saleh Ebrahimi



← لە سەردەمی **هێرشی عەرەب** بۆ سەر کوردستان، شایە رو خوێویژی کورد لە کوشت و برین، تالان، بەدیل گرتنی ژن، پیاو، کچ و کوری کورد، وەلەستەمی هێرشکاران، خەبەری داوەو دوعاو نزای بردوتە، بەر خوا و هاواری لە خوا کردووەو دەڵێ:

هۆرمــوزگان رمــان ئــاتران کــوژان    وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکـان

..................................................    ..................................................

**وەمێژوی گوزیدەش** ئەم شیعرە دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمە کە سپای عـومەری بـنی خەتتاب دەوری شاری قەزوێن یان دابوو، بە خەڵکی ئەوێیان وتبو، وەرن موسوڵمان بن و جزیەمان بدەنێ، ئیترکارمان پێتان نیە، خەڵکەکەیش لە وەڵامدا، بەوانیان وتبو: «**نە موسڵمان بیم، نەگزیە دیم، بشەن ئۆمە کە شەن کەیمە بە رەهیم**» کە بە زاراوەی پالەوی گۆرانی کوردییە. جا هەر لە بەرئەوەیە خانای قـوبادی دەڵی لەو سـەردەمەی کـەمن شیعرم و تووە و دیوانی شیرین و خوسرەوم بە زمانی کوردی لە ۱۱۵۳ مانگی داناوە لە سەرتاسەری کوردستان لە حوجرەی فەقێیان و **لە فێرگەی مەلای مزگەوتان، زمانی کوردی تەدریس** کراوەو دەقە عەربیە کانیش بە کوردی **بۆزانینخوزان** بەیان کراوە. دیارە هەرلە بەشێ لە کوردستان،کەسانێ دیکەی وەک:صەیدی هەورامی، مەلا ئەبولقاسمی لورِ ناودار بە مەلا پەرێشان کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ۸ تا سەرەتای سەدەی نۆی مانگی لە ژیاندا بووە، عەللامە غولامرەزا ئەرکەوازی کە تا نافینی سەدەی ۱۳ مانگی لە ژیاندا بووە، یا نوشاد لورِستانی لە تایفەی تەرها کـە شـیعری دارجـەنگەی بـە شێـوە، مونازەرە، هەروەکو دارە ئاسوریک بە کوردی و لەکی هۆندوتەوە کە دەڵێ:

(هامسەران وەختێ، هـامسەران وەخـتێ    ژ رۆژان، رۆژێ، ژوەقـــتان وەقـــتێ)

مەلا مەنوچیهر کولیوەند، کە لە نافینی سەدەی ۱۲ لە ژیـاندا بـووە، کۆمـاسی: سـەیید ئـەحمەد بـەگ لە ۱۲۱۰ لە دایک بـووە و لە ۱۲۹۴ مـانگی مـردوە، سـەرهەنگ ئەلماسخان کە نۆڵەیی کە لە نیوەی ۲ی سەدەی ۱۲ لە ژیان دابووە، تورکە میرە، میرزا ئەولقادر پاوەیی، میرنەو رۆز لورستانی، مـەلا رۆسـتەم ئـیلامی، مـەلا حـەق عـەلی سیاپۆش، کە فەرهەنگ و واژەنامەی بە زاراوەی لەکـی دانـاوە، مـەجزوب، بـولبول، جانەوەر، داخی، مەحروم، مەلا نیزام، خەستە، مەولانا دەردین، یوسف باسکە، مـیرزا شەفیع کولیایی کە لە ساڵی ۱۲۰۶ مانگیدا مردوە و میرزا شەفیع جامەریزی لە نافینی
←

Dr.Saleh Ebrahimi



→ سەدەی ۱۳ لە ژیاندا بووە و میرزا شەفیع پاوەیی کە لە ساڵی ۱۲۰۰ مانگی لە دایک بووە و لە ۱۲۵۲ی مانگی مردوە و مەلا عیسا جوانرۆیی مامۆستای حەکیم مەولەوی کورد، کە لە نافینی سەدەی سێزدە مردوە. سەی ساڵەی ماهی دەشتی، سەی یاقۆو...؛ کە: بە زاراوەی گۆرانی یا کەڵهوڕی شیعریان داناوە، ـ وەدیـارە، لەبـەرا بـابە تـاهیری لوڕ، دیوانی شیعری بە کوردی داناوە. بەڵام ئازیزان باشەبزانین **ئینوخەلدون** لە سەرزانایی و خزمەتی نەتەوەی کورد، بە زمانی عەرەبی شایەدی داوە و نـوسیویەتی: «... بـنچینەی پێگەی زانین و ئەدەبی عەرەبی ۴ کتێبە ـ ۲ لەوانە کورد نوسیونی ـ ۱ ـ ئەد بـولکاتب نوسراوی کوڕی قوتەیبەی دینەوەری **کوردی لای کرماشانە** ـ ۲ ـ نەوادر یا ئەل ئیمالی نوسراوی ئەبو عەلی قاڵی دیار بەکری کورد ـ ە. (بڕوانە پەرەی ۱۱۷۵ مـوقەدەمەی ئیبنوخەلدون لە باسی ئەدەب و زماندا). **ئیمام مـوحەمەد غـەزالی** فـەرمویەتی: دیـنی ئیسلام لەسەر ۴ ستون، ویستاوە، کەسێ لەوانە، زاناو، و عـولەمای کـوردن، زانـایانی دینەوەری لای کرماشان، ئامید: دیار بەکر و شارەزور (: هەلەبجە، هەڵەبجەی سوتاو، هێروشیمای کوردستان)، کە ئەگەر خوازانایان و عولەمای ئەو سێ ناوچە کوردنشینانەی بە ئیسلام نـەدابـا، دیـنی ئـیسلام ئـاوا قـەوام و دەوامـی نـەدە بـوو. **دیـارە شـادیەی ئیبنوخەلدون و ئیمام غەزالی** بۆ خزمەتی کورد، بەزمانو ئەدەب و فەرهەنگ و ئیسلام فرە گرینگەو نیشانەی روشدی کوردە، تۆبیر بکەوە کە ئەم زانا کوردانە چیها نورئەفشانی یان کردوە و خزمەتیان بە زمان و ئەدەبی عەرەبی کـردوە، ئـیبنوخەلەکـان، **ئـەبوفیدا ئەییوبی**، ئەبو حەنیفە دینەوەری محیدینی خەلاتی، خازینی، عـەبدوسەلام مـاردینی، **مەلا عەبدو رەحیم بارزانی ناودار بە عیراقی**، ئیبنوجنی عوسمان ئەبوفەتح، ئیبنو گـەچ، ئەبوسعودی ئامێدی کە سوڵتان بایەزیدی عوسمانی ۲ جار جایزەی بە تەفسیرەکـەی داوە. ئیبنی رەسول زەکی سابلاغی، قازی قوزات کەماڵەدین هەولێرێ نەوەزای ئـیبنو مەنعە، شێخی ئیشراق، سوهرەوەردی یەکان، ئیبنو حاجب شارەزوری، شارەزوریەکان، دینەوەریەکان، ئیبنوحاج، ئیبنوصەلاح، هەر ۳ ئیبنو ئەسیرەکان، ئیبنوسیرینی باڵەکی خەڵکی بەرەسیرین، ئیبنوئادەم، مەلا عـەبدوللاّ بێتوشی، مـەلا ئـەبو بـەکـر موسەنیف چوڕی، مەلا جامی، زرەکلی، ئەحمەد شەوقی، ئەحمەد صراف، محەمەد کورد عەلی، عەبباس عەقاد، مـەحمود عـەقاد، مـەحمود تـەیمور، عـایشە تـەیمور، عـەبدولباسیت، ←

Dr.Saleh Ebrahimi



→ حەزرەتی کاک ئەحمەد شێخ سلێمانی کە بە داخەوە مەکتوباتەکەی بە کوردی نە نوسیوە و بە فارسی نوسیویەتی، یا محەمەد قازی لەم ساڵانەی دواییدا لە تاران ئەو هەمووە کتێبەی بە فارسی تەرجەمە کردوە و ئیستایش: **(٢٠٠٨ز) قەڵەم بە دەسانی کورد، لەم دیو** بە فارسی تەرجەمە دەکەن یا دەنوسن، ئەگەر ئەم قەڵەم بە دەسانە، ئەونە لەگەڵ زمانە، زگماکیە کوردییەکەی خویان، نەبان و ناموّ و خونەگر، نەبواین و لانی کەم چەن کتێبیشیان بە زمانی شیرینی کوردی بنوسیبا، کە **زمانی کوردی هونەرە و ئەوان، لەو هونەرە، دورە پەرێز بوون و بنەیان بۆخویان نە کردوە** کەچی سەرەیان بۆ لاوەکی کردوە، بۆیێ، دەڵێن: تائیستا، کورد، هەرچی کردوە، بۆ بێگانەی کردوە، تەنانەت لەسەر باسی: **(بین، هیجا، لەت، سیلاب و سریچکاو مەقتەعی واژە)** لە زمانی عەرەبی فرە کاریان کردوە و ئەوانەیان دیاری کردوە، کە لە زمانی شیرینی کوردیدا، ئەگەر ٢ حەرف: (پیت) و یەک بین بن - ١ - (چڕ، پڕ، بڕ، چوو، مو، شو، توو، دۆ، هۆ، مس، کز، مژ، دژ، دش، مر) - ٢ - (سێ حەرف بن، سێ پیتی وەک (داو، راو، چاو، خاو) - ٣ - (٢بین و ٤ حەرف بن وەک (باوک، با + وک - مامز، ما + مز، نەخۆش: (نە + خۆش - ٤ - پێنج حەرفی بن وەک: (هاوار، ها+وار ٦ - شەش حەرفی بن وک: (هەنجیر: هەن + جیرو... - **سێبین** و حەوت پیتیبن وەک: شارەزور، (شا + رە + زور)، **هەشت پیتی بن** وەک: هەورامان (هەو + را + مان) بەڵێ لە بەر ئەوەی قەلەم بە دەسانی کورد، ئاورێکی ئەو تۆیان لە زمانی شیرینی کوردی نەداوە تەوە یا ئەگەر ئاوڕیشیان، دابێتەوە، بە داخەوە بەچەن زاراوەی لێک جیا، بووە، **(زاراوە بێژیان کردوە)** بۆ نمونە لە بیسارانیەوەبیگرە تا ئاخرین شاعێرانێکە بە شێوگۆرانی شیعریان و تووە کەلە بەرا ناومان بردون بە شێوە گۆرانی هۆنەو شیعریان وتووە - ٢ - لە بەشی باکوری کوردستان کەسانێ وەک عەلی حەریری، **مەلای جزیری**، فەقێ تەیران، **حەکیم ئەحمەدخانی** جگەر خوێن. قەدری جان، مەلای باتە، ناڵبەند، مەلا مەحمودبایە زیدی، صەبری بۆتان کە فەرمویەتی: (دەوڵەمەندە زمانی کوردی / ساف و رەوانە، هەرماوە زمانی کوردی) بە شێوەزاری کورمانجی باکوری شیعریان و تووە - ٣ حاجی قادری کویێ، نالی، سالم، مەحوی، ناری، بێکەس، تاهیربەگ، ئەحمەد موختارجاف، وەفایی، خەلیفە بەها، ئەدەب، ئەدیبی، فیدایی، خەمین، ئاوێر، سەیید قادر سیادەت، سەیفولقوزات، هەژار، هێدی و هێمن و... بە

←

Dr.Saleh Ebrahimi



**لە دایک بوون** و مردنی مەستورەخانمی کوردستانی جیاوازی بیرورا هەیە، هەندێ

---

→ زاراوەی کورمانجی شێوە سۆرانی شیعریان و تووە (سێ زاراوەی لێک‌جیا) کەچی فارسە کان، تەنانەت، کوردە کان کە بە فارسی شیعریان وتووە، کەسانێ وەک: نیزامی گەنجەوی، کە فەمویەتی:

(من آن کُردزادە لەشکریم کز نیاکان خـود گـوهریم)

بەسامی کورد، لۆکەری، شیخی مەغریبی مەلا محەمەد شیرین، کە لە پەسنی ئەبولوەفای کورد، دەفەرمێ:

(این کُردی پریچهرە ندانم کە چە کردە است

کز جملهٔ خـوبان جـهان گـوی بـبردە است).

هومامی تەوریزی کورد و... کە بە فارسی شیعریان و تووە لە باقی شیعر ویژە فارسە کان جیانیەو یەک دەگرنەوە. کەچی من (شەپۆل) کە لە تاران لە زانکۆ، دەرس بە زانینخوازان ـ ی ئەردە کانی و ئەوانە، دەڵێم کاتێ بەزاراوەی خویان قسەیان دەکرد، **کەس لە قسەکردنەکەیان حاڵی ئەدەبون و لەوان تێ نەدەگەیی.** جامن لام وایە، هەرلەبەر ئەوەیە کورد، ناتەبایە و بەزاراوەی جیاجیایش شیعرو هۆنەیان و تووە وئێستایش قەڵەم بە دەسانی کورد، لەم دیو هەر بە عەرەبی و تورکی و پارسی دەنوسن وشت تەرجەمە، دەکەن، هەتیوە کانی ئەتا تورکی کەونە وەسمانی و فارسی کۆنەبن دەسی ئورارتو و کۆرتی... و ماد و ماناو عەرەبی بەرمەتی کورد (کە ئەگەر صەلاحەدین ئەییوبی زەرزاری نەبوایێ، ناوە عەرەبیە کان دەبووە سەرکیس، مارشەمعون، مەقوقس و...) زمانی کوردی (زمانی سوڵتان صەلاحەدین، ئەبولوەفای کورد کە کەسانێ وەک حافزشیرازی و حەکیم سەنایی مریدی بون کە حەکیم سەنایی دەڵێ:

(قـرنها بـاید کـە از پشت آدم نـطفەیی

بوالوفای کُرد گردد یا شود ویس اندر قرن)

و زەینەدینی **ئامێدی کە ٦٠٠ ساڵ بەرلە لۆی برایلی فەرانسەوی خەتی باریزەی بۆ نابینایان داهێناوە)** قەدەغەو مەنع دەکەن، ئەی هاوار چیە؟ چی قەوماوە، بۆچی تورک و فارس و عەرەب نایەڵن **رۆڵەی کورد، ئازاد و سەربەخۆ بێ و دەوڵەتی تەیبەت بە کورد و کوردستان ساز بدرێ.**

Dr.Saleh Ebrahimi



کەس لە دایک بونی بە ۱۲۲۰ مانگی و ۱۸۰۵ زو هەندیٚتر بە ۱۲٦۴ مانگی و ۱۸۴۷ زاینی نوسیوە و رایشیان گەیاندوە (۴۴ تا ۴۲) سالٚ ژیاوە و خوسرەوخانی ناکامی مێردی مەستورەخانمی کوردستانی کە لە ۱۲۵۰ مانگیدا مردوە، بە تالٚترین سالٚی ژیان بۆ مەستورەخانم، دانراوە. **ئەمەیش چەن شیعری مەستورە خانم کوردستانی بە زمانی کوردی:**

**شیعر**

حەیف نیەن چون تو، هیچ شەهبازی
شوخ مەهوەشی، ئالودەی نازی
یەک جیهەت جە عەیش عیشرەت جیا بو
پەیوەستە ئە وقات، بەرگش سیا بو
جەهانی یەکسەر ج غەم مەشعوفەن
خورشیدی چون تو دایم کسوفەن
هیچ رەنگی نییەن جە مەستوورەوە
زینەت ها بە رەنگ سپی و سوورەوە
ئەر سەد مولەققەب بە مەستوورەنی
تو زیبای دیبای سپی و سوورەنی

**هۆنە؛**

روله جوانەکەی مە لبەندی سنە
خەمی خەلکەکەت دیارە هی منە

*

رووتەکە رووتە یا شەبەقی مانگی ئاسمان
قەددی خەرامی تویە یا سەروی بووستان

*